# گوڵیش نیشتمانی خۆی هەیە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# گوڵیش نیشتمانی خۆی هەیە

نووسینی: داود ئەمین
نیگاری: عەبدولکەریم سەعدوون
وەرگێڕانی: محەمەد فەریق حەسەن

ناوی کتێب: گوڵیش نیشتمانی خۆی هەیە
نووسینی: داود ئەمین
نیگاری: عەبدولکەریم سەعدوون
وەرگێڕانی: محەمەد فەریق حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٤٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: مریەم موتەقیيان
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٩ی ساڵی٢٠٠٩ی
دراوەتێ



کاتێك باڵندەکان سەردەکەون ل٦



کەڵەشێرێك مان دەگرێ ل١٨



هاڤیبوونی دارخورمایەك ل٣٠



گوڵیش نیشتمانی خۆی هەیە ل٤٤



پیربوونی بەلەمێك ل٥٠



گوڵ و مانگ ل٥٦

# کاتێک باڵندەکان سەردەکەون


دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆندا دارستانێکی جوان و ڕازاوە هەبوو، ڕووبەرێکی فراوانی زەویی داگیر کردبوو. دوو جۆگە ئاوی ڕوون و سازگار بەناوەندیدا دەڕۆیشتن. لەو دارستانەدا هەزاران باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ، بەئاشتی و ئارامی دەژیان.

ڕۆژێکیان دڕندەیەکی ترسناک لە دارستانەکدا پەیدا بوو. باڵندە ڕەنگینە بەختیارەکان بەبینینی دڕندەکە ترسیان لێ نیشت. دڕندەکە ڕۆژانە بەدەیانی لێ دەخواردن. ئەوانیش زراو تۆقیو بەژمارەی زۆر دارستانەکەیان جێ هێشت. بەڵام ژمارەیەکی کەمیشیان توانییان لە نێو دەوەن و گیا و گوڵی دارستانە چڕەکەدا خۆیان بشارنەوە و خۆشیان لە وەزەنی ئەم دڕندە ترسناکە بپارێزن، کە تێربوونی نەبوو.

دڕندە شەڕانییەکە بەختەوەر بوو. ئەو لە ماوەیەکی کورتدا سەدان باڵندەی بەکەڵبەکانی خۆی ونجڕ ونجڕ کرد و هەڵی لووشین. ئەو وەهای بۆ چووبوو، کە ئیدی دارستانەکەی بۆ تەخت دەبێ و دەتوانێ بەئارەزووی خۆی گەمە و تەراتێنی تێدا بکات. وەك خۆی دەیەوێ گەمە بەچارەنووسی دارستانە بکا. گاڵتەی بەو مەلانە دەهات، کە بۆ دەرەوەی دارستانەکە هەڵاتبوون و لاقرتیشی بە زریوە و هەرایان دەهات کاتێ لە دارستانە دوورەکانەوە دەگەیشتە گوێی.

ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو باڵندانەی ڕەویان کردبوو، ژیانی دارستانە نوێیەکانیان بەلاوە پەسەند بوو. لەوێ هێلانەی نوێیان چێ کردبوو. هەندێك لەگەڵ باڵندەکانی ئەوێدا جووتەیان گرتبوو؛ خێزانی نوێیان پێك هێنابوو. هەندێك باڵندەی کۆچبەر لەوێندەرێ قەڵەو بووبوون. چونکە ئەوان لە کەڵبەی دڕندە ترسناکەکە بێ خەم بوون. لە نێو دان و ئاوی زۆر و لە دڵنیاییدا، ماسولکەکانیان خاو بووبوونەوە. بەڕادەیەك نەیاندەتوانی بەئاسانی بفڕن و بجووڵێن. تەنانەت بیریشیان لە گەڕانەوە بۆ دارستانەکەی خۆیان نەدەکردەوە، کە وەك دایکیان وەهابوو.

بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو باڵندەی ڕەنگین، کە بەناچاری، بەهۆی دەرکەوتنی دڕندە ترسناکەکەوە ڕەویان کردبوو، بیریان لەوە کردبووەوە بۆ دارستانەکەی خۆیان بگەڕێنەوە. ئەوان بیریشیان لێ





کردبووەوە، بەگژ دڕندەکەدا بچنەوە و لە کۆڵی بکەنەوە. بۆیە پۆلی باڵندە، لە پێگەی تایبەتدا، کە دەکەوتە پەرگەی ئەو دارستانەی میوانداری کردبوون، دەستیان بە خۆ ڕێکخستن کرد. لەوێدا کۆتەڵی دڕندەیەکی گەورەیان چێ کرد. ئەمجا دەستیان بەمەشق و ڕاهێنانی هاوبەش کرد. ئەوان شاڵاوی خەیاڵییان دەبردە سەر کۆتەڵەکە. دەنووکیان لێ دەگرت. بە باڵ لە چاویان دەدا و بە چنگ شڕوهوڕیان دەکرد. ئەوان لە ماوەیەکی کورتدا لێزان و چالاکانە مەشقیان تەواو کرد. بەڕادەیەك باڵندەی دارستانەکانی دەوروبەر سەریان لێ سووڕمابوو.

کاتێ لە مەشق بوونەوە، بێدەنگ و بەنهێنی گەڕانەوە دارستانەکەی خۆیان. لەوێ لە گۆشە تاریك و چڕەکاندا، بەشێوەیەکی کاتیی ئەوتۆ هێلانەیان بۆ خۆیان چێ کرد؛ لە توانای چاوی دڕندەکەدا نەبی بیاندۆزێتەوە، هەروەك لە توانای پێیەکانیشیدا نەبێ بگاتە لایان.

لە شەوانی تاریکدا، هەندێ لەم مەلانە دزەیان دەکردە نێو قووڵاییی دارستانەکە. ڕوویان لە هێلانە کۆنەکانیان دەکرد کە سەردەمێك تێیدا ژیابوون. لەوێ بەشوێن ئەو مەلانەدا دەگەڕان، کە کۆچیان نەکردبوو، بگرە هێشتا لە گۆشە و پەناکاندا خۆیان وەشاردبوو و بەنهێنی دەژیان. ئەوان هەوڵیان دەدا هیوای ئەوەیان پێ بدەن، کە بەم زووانە لە چنگی ئەو دڕندەیە ڕزگاریان دەبێ.

ئەم مەلانەی گەڕابوونەوە، سەریان سڕما، کاتێ بۆیان دەرکەوت، ئەوانەی ڕەویان نەکردبوو توانیبوویان لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکەدا ڕابێن و بەچاکی ژیانی خۆشیان بگونجێنن. ئەوان دڕندەکەشیان دووچاری دڵەڕاوکێ کردبوو. بگرە توانیبوویان شەوانە خەوی لێ بزڕێنن، بەوەی کتوپڕ بەسەر چاویدا بفڕن. بەشێوەیەکی نامۆش لە شوێنی وەهادا خۆیان بشارنەوە ئەو پێی نەزانێ. لە کاتی نوستنی ئەودا بەجریوە و جووکەی بەردەوام و بەکۆمەڵیان، هەراسانی بکەن و خەوی بزڕێنن. ئەوان لە نێوان خۆیاندا جووتەیان گرتبوو. نەوەی نوێی خاوەن ورەیان خستبووەوە. نەوەیەك بڕوای بەتوانای خۆی هەبوو، کە بەسەر دوژمندا زاڵ دەبێ.

ئەو باڵندانەی لە جێی خۆیان مابوونەوە و ئەوانەشی کۆچیان کردبوو. ڕێك کەوتن بەنهێنی کاری هاوبەش ڕابپەڕێنن. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکەش، شەوانی ئەنگوستەچاویان بەگونجاو زانی. چونکە لەو شەوانەدا چاوانی دڕندەکە بە تەواوی قووچابوون و نوقمی خەوێکی قووڵ بوو.

کارەکە هەروا ئاسان نەبوو. چونکە دڕندەکە دڕ و خوێنڕێژ بوو. ژمارەیەکی زۆر باڵندە پەرگەیان گرتبوو چاوەڕوانی چارەنووسی خۆیان بوون. بۆیە گێڕانەوەی هیوا و بڕوا بەخۆبوون بۆ ئەو باڵندە کلۆڵ و بێ دەربەستانە و بەشدارییان لەو کار و چالاکییەدا بە نیازی لەناوبردنی دڕندەکە کارێکی سەخت و دژوار بوو. بەڵام بەهۆی پشوودرێژی و سووربوونی هەندێ باڵندەی چالاکەوە، کە لێبڕاوانە



کاریان دەکرد، توانرا بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ ببن. سەرەڕای دوودڵی و ترس لە تۆڵەی دڕندەکە، ژمارەیەکی زۆر لەوانەی پێشتر بێ دەربەست بوون، کۆمەك و ئالیکاریی خۆیان ڕاگەیاند.

پاش ماوەیەك ئامادەکاری؛ لە گۆشەیەکی چەپەکی ئەو دارستانە فراوانەدا کۆبوونەوەیەکی فراوانیان گرێ دا، نهێنیی هەواڵەکەشیان پاراستبوو. لە زۆر بەشی دارستانەکەوە بەژمارەی زۆر مەلان ئامادە بووبوون. هەموو لایەك دۆخی دارستان و ڕێگەی گونجاویان بۆ لەناوبردنی دڕندەکە هەڵسەنگاند.

دوای چەند ڕۆژێك گفتوگۆی بەسوود و ڕاگۆڕینەوە، باڵندەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە تۆڕێکی بەهێز و فراوان چێ بکرێ و لە کاتی نووستندا بەسەر دڕندەکەدا بدرێ. دڕندەکە لە هەموو لایەکییەوە بەقەدی درەختە گەورەکانەوە گرێ بدرێ. تاکو دڕندەکە لە جووڵە بخات و پاشان هێرشی بکرێتە سەر.

ئەو باڵندانەی ئامادەی کۆبوونەوەکە بووبوون گەڕانەوە ئەو جێیانەی لێوەی هاتبوون. مەلانی تریان لە ئەنجام و ئەو ئەرکەی لەسەریانە ئاگەدار کرد.

نەخشەکە وەها بوو، گەرەکە هەر پۆلێك باڵندە چنینی بەشێکی دیاریکراو لە تۆڕەکە لە ئەستۆ بگرێ. هەر پۆلە باڵندەیەك بەپێی هێز و توانای خۆیان. پاشان ئەم پارچانە بدرێنە دەم یەك و تۆڕی فراوان و بەهێزیان لێ دروست بکرێ.

بەم شێوەیە پۆلی باڵندە لە گشت گۆشەیەکی لێڕەوارەکەدا، لە نێوان خۆیاندا ئەرکیان دابەش کرد. هەندێك دەبوو لە دووی بەهێزترین ڕیشاڵی درەختە دیاریکراوەکان بگەڕێن و بیگەیەننە شوێنی چەپەك و دوورەدەستی دارستانەکە، کە لەوێ پۆلی تری باڵندە چاوەڕوان بوون و کاریان شیکردنەوەی ئەو ڕیشاڵانە بوو. پاشان هەڵکردنی بوو لەسەر تەختەی تایبەت. ئەوانیش دەبوو بۆ پۆلی سێیەمی باڵندەکانی ئامادە بکەن، کە کاریان چنینی ئەو تاڵانەیە و دەبێ تۆڕێکی بەهێز و پتەوی لێ چێ بکرێ.

کارەکە چەند مانگێکی خایاند. لەو ماوەیەدا دەیان پارچەی گچکەیان لە تۆڕەکە چنی. هەر پۆلە و ژمارەیەك گوریسی پتەو و ئەستووری چێ کرد. سەرێکی ئەو گوریسە بەکۆتاییی پارچە تۆڕەکەوە گرێ درابوو، سەرەکەی تریشی ئازاد بوو. تاکو دواتر لە قەدی درەختەکان ببەسترێ، کاتێ تۆڕەکە بەسەر دڕندەکەدا دەدرێ.

لە مانگەشەوێکدا، لە گۆشەیەکی دووری دارستانەکەدا. ژمارەیەکی یەکجار زۆری باڵندە لە تەختاییەکی فراوانی ناو دارستانەکەدا یەکیان گرت. هەر پۆلە و پارچە تۆڕی خۆی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. ئەم پۆلانە پێکەوە، بەدەم ئاوازی شادەوە، بەبڕوا بەخۆبوونەوە، دەستیان بەکار کرد.

تا بەرەبەیان توانییان تەواوی پارچە گچکەکان لەیەك بدەن و تۆڕێکی فراوانی لێ چێ بکەن، کە



لێوارەکانی گوریسی بەهێزی پێدا شۆڕ بووبووەوە.

باڵندەکان دەیانزانی، کە دڕندەکە شوێنی نوستنی خۆی لە زۆر جێی جیاوازی دارستانەکەدا هەڵدەبژێرێ. یان لەبان درەختەکان دەنویَ. بۆیە ئەوان مەشقی هەمەجۆریان ئەنجام دا. هاوکات ئەو تۆڕە گرانەشیان بەدەنووك و بەچنگیان هەڵدەگرت و بەئاسماندا دەفڕین. ئەمجا گورج و ئازا بەسەر دڕندەیەکی خەیاڵییاندا دەدا، کە لەسەر زەوی جێی بۆ دیاری کرابوو. ئەنجامی مەشقەکانیش دڵخۆشکەر بوو.

لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا، کاتێك دڕندەکە لە شیرین خەودا بوو. جەستە زەبەلاحەکەی جێیەکی فراوانی لە نێو دارستانەکەدا داگیر کردبوو. لە نێو ئەو بێدەنگییەدا، کە باڵی بەسەر دەوروبەردا کێشابوو، ئەو پرخەپرخی دەبیسترا.

ئا لەم شەوە تاریکەدا، باڵندەکان بڕیاری ڕاپەڕاندنی پلانەکەی خۆیان دا. ژمارەیەکی یەکجار زۆر، بەچنگ و دەنووك تۆڕەکەیان بەرز کردەوە و لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئاسمانیان بڵند کردەوە. لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی تری زۆریش شان بەشانی ئەوان دەفڕین و بەنۆرە تۆڕە گرانەکەیان لەگەڵدا هەڵدەگرتن.

باڵندەکان تەواو بەسەر جەستەی دڕندەکەوە لەنگەریان گرتبوو، کاتیَ ئەو لەسەر زەوی لە شیرین خەودا بوو. ئەمجا لەسەرخۆ تۆڕەکەیان بەردایەوە سەر جەستەی. لە هەمان چرکەساتدا پۆلی تری باڵندە گوریسەکانی لێواری تۆڕەکەیان بەقەدی درەختە زەلامەکانەوە گریَ دا. لە ماوەی چەند چرکەساتێکی کەمدا، هەموو کارێك بەوردی و بەسەرکەوتوویی بەڕێوە چوو. دڕندەکەش هێشتا هەر لە خەوێکی قووڵدا بوو.

باڵندەکان بەشادییەوە کشانەوە. بەم شێوەیە ئیدی ئەوان دڕندەکەیان خستە داو. ئێستا ئەوەندەیان ماوە هێرش بکەنە سەری.

دەمەو بەیان، ژمارەیەکی تری باڵندە بەسەر جەستەی دڕندەکەدا دەفڕین، ئەوان بەدەنووك و بەچنگ وردە بەردی تیژیان هەڵگرتبوو. ڕێك لە ئاستی جەستەی ڕاکشاوی دڕندەکەدا بەرز هەڵدەکشان و بەردەکانیان بەسەر جەستەیدا بەردەدایەوە. دڕندەکە تۆقیوانە ڕاپەڕی. بەردیش لێکدا لێکدا بەسەریدا دادەباری و دەیان زامی کاری کەوتبووە جەستەیەوە. ئەو، کە جەستەی بەزەوییەکەوە نووساندبوو. چەند کۆشای نەیتوانی خۆی لە تۆڕەکە ڕزگار بکا. بەردەوام هاواری دەکرد، دارستانەکەش سەدای هاوارە ترسناکەکانی دووبارە دەکردەوە.

پۆلی باڵندە لەسەر کاروانی بەردە تیژەکانیان، کە بەچنگ و دەنووکیان هەڵیان گرتبوو بەردەوام بوون. ئەوان بەبەردی تیژەوە هەڵدەکشان و لە بەرزاییەوە بەردبارانی جەستەی شەتەکدراوی



دڕندەکەیان دەکرد.

چاوانی دڕندەکە کوێر بوون و ددانەکانی شکان و بەشێکی زۆری جەستەی زامدار بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر باڵندەکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بوون. ئیدی هیچ جێیەکی دڕندەکە بەدیار نەما. چونکە بەچینێکی ئەستوور لە وردە بەرد داپۆشرابوو. بووبووە گردێکی گەورە. ئیدی باڵندە ماندووەکان بەدڵنیاییەوە لەسەر جەستەی نیشتنەوە.

بەم شێوەیە باڵندە جوان و پەڕ ڕەنگینەکان گەڕانەوە تافی جارانیان. یارییان دەکرد و شاد و شەنگوڵ بەدارستانە ڕازاوەکەیاندا دەفرین. جۆگە ڕوونە سازگارەکانیش بەدەم وردە شەپۆڵەوە هاژەیان دەهات. گردیکێش لە وردە بەرد هۆ لەوێدا بەرز بووبووەوە. لە ژێر ئەو گردەدا بۆ هەتاهەتا، لاشەی دڕندەیەکی ترسناك درێژ بووبوو.

تەواو

کوردستان

١٩٨٨/٥/٢٨





# کەڵەشێرێک مان دەگرێ



خۆری چێشتەنگاو لە ڕۆژێکی بەهاری خۆش و ڕازاوەدا دەدرەوشایەوە. دنیا بەسەوزایی داپۆشرابوو. لە نێوەندی ئەو سەوزاییە سەرتاپاگرەدا ماڵێك لەسەر تەرزی لادێ هەبوو. باخێکی فراوانی بەتەختەی سپی شوورەکراو دەوری ماڵەکەی دابوو. لە گۆشەی دەستەڕاستی باخەکەدا، لە پاڵ شوورە دارینەکدا، ژوورێك بۆ مریشەکان دروست کرابوو.

خاوەنی ئەم ماڵە دێهاتییە، بە گایەکانی جووتی دەکرد و زەویی بۆ تۆوکردن ئامادە دەکرد. نزیك بەجۆگەیەك، گوێدرێژێکی چاوبەستراو لە دەوری ناعووری نزیك جۆگەکە دەسووڕایەوە. سەگی ماڵەکەش بەحەپەحەپ سەری لە دووی پشیلەیەکی تۆقیو نابوو. باڵندە بەئاسماندا دەفڕین و هەندێکیش بەسەر درەختەکانەوە نیشتبوونەوە. ژمارەیەکی تریش لە نێو گژوگیای کێڵگەکەدا سەرگەرمی چینە و ڕاوی مێروو بوون.

نزیك بەخانووی مریشکەکان، لە نێو شوورەی کێڵگەکەدا، مریشکە ڕەنگاوڕەنگەکان، دانیان دەقۆستەوە و بەچنگی خاراویان زەوییان دەکۆڵی. بەشوێنیاندا ژمارەیەك جووجەڵە، لاسایی دایکەکانیان دەکردەوە.

لەسەر شوورەی باخەکە، کەڵەشێرێکی خۆڵەمێشی کە پۆپنەیەکی گەورە و سووری هەبوو ڕاوەستابوو. ئەو بەچواردەوری خۆیەوە سەرقاڵ بوو. پێ دەچوو بیر لە کارێکی گرینگ و ترسناك بکاتەوە. بەدەنگێکی بیستراو بەخۆی وت: من چەند دەبەنگم. گوایە بۆچی لەمێژەوە ئەمەم نەزانیوە؟ بەڕاستی دەبەنگم. من دەبەنگم.

پاشان کەڵەشێرەکە بەخۆیدا هاتەوە و وازی لە سەرکۆنەکردنی خۆی هێنا. لەسەری ڕۆیی و وتی: نەخێر. نەخێر. من بەهیچ جۆرێك دەبەنگ نیم.

چەند مریشکێك، کە لە نزیکییەوە بوون، گوێیان لە قسەکانی بوو. بەسەرسڕمانەوە سەرنجی یەکیان دا، وەك بپرسن، هەبێ و نەبێ ئەمڕۆ هاوڕێکەمان شتێکی لێ قەوماوە. ئەمجا کەوتنە چپەچپ، تاکو کەڵەشێر گوێی لێیان نەبێ.

مریشکە سوور چپاندی: کەڵەشێرەکەمان شێت بووە. سوێند دەخۆم شێت بووە. ئەو بەدەنگی بەرز خۆی دەدوێنێ مریشکە سپی وەڵامی دایەوە: لە بەیانییەوە ئەمە حاڵیەتی. من ئاگەداریم، بێ ئەوەی هیچ بخوات و بخواتەوە هەڵی کردە سەر شوورەکە. پێم وایە کەڵەشێرەکەمان تەواو نییە.

مریشکە سوور پێشنیازی کرد: با بچینە پەنایەوە و لێی بپرسین، ئەوسا لەوانەیە بزانین بەسەرهاتی چییە؟

مریشکە زەرد هەمووانی ئاگەدار کردەوە و وتی: دەترسم دەرمان بکات، چونکە کەڵەشێرەکەمان ئەمڕۆ


لە دۆخێکی ناجۆردایە. ئێوە تێبینیی پۆپنەیتان نەکردووە، چۆن سوور هەڵگەڕاوە و ئاوساوە؟

مریشکە سوور، کە لە هەموویان پتر مەبەستی بوو بەسەرهاتی کەڵەشێرە خۆشەویستەکەیان بزانێ. پێی داگرت و وتی: تاکو بەسەرهاتی نەزانم دڵم ئاو ناخواتەوە. دوێنێ هێمن و ڕووخۆش بوو لەگەڵمدا. لەسەرمە بزانم چی وای لێ کرد بەم خێراییە بگۆڕێ.

مریشکە زەرد بەر لەوەی بڕوات مریشکە سووری ئاگەدار کرد و وتی: تۆ زۆر خۆ تێ هەڵقورتێنی. دەبێ چاوەڕوانی کاردانەوەی خراپیشی لێ بکەیت، ئەگەر بێتو لێی نزیك ببیەوە. بەڵام من ئەوەندەم لەسەرە کە پێت بڵێم ئاگەداری خۆت بە. وریای خۆت بە.

مریشکە سوور لە هاوڕێکانی سەربزێوتر و ئازاتریش بوو. بۆیە ئەو پتر لە کەڵەشێر نزیك کەوتەوە؛ بگرە ڕاستەوخۆ لە ژێریدا وەستا. بەڵام زیاتر لەوە سەری سڕما کاتێ گوێی لێ بوو، دەیوت: من چەند گەورەم. من چەند مەزنم. من چەند ئەفسوونبازم. نهێنیی ژین ئەوەتا لە بن گەرووی مندایە.

مریشکە سوور بۆ ئەوەی دۆخێکی گونجاو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کەڵەشێردا ساز بکات، بەنەرمونیانترین



شێوه سڵاوی لێ کرد. بەڵام کەڵەشێر گوێی لێ نەبوو، وەڵامیشی نەدایەوە. بگرە بەردەوام بەدەنگێکی بیستراو لەگەڵ خۆیدا دەدوا: لە نێوان دەنووکی منەوە جیهان لە دایك دەبێ. ڕووناکی لە دایك دەبێ. ئەگەر دەنگی من نەبێ ئەوا هەموو شتێك دەکوژێتەوە. ئەگەر من نەبم ئەوا دنیا نوقمی تاریکییەکی هەتاهەتایی دەبێ.

لە نێو سەرسڕمان و ترسێکی مەزندا، مریشکە سوور بەزمانێکی نەرمونیانتر سڵاوی لێ کردەوە. وا دیاربوو بەلای کەڵەشێرەوە کارێکی کتوپڕ بوو، یەکێك زنجیرەی بیر و ئەندێشەی بپچڕێنێ و دۆخی تەنیایی و خەونەکانی، کە تێیاندا نوقم بووبوو لێ تێك بدات. بۆیە بەتووڕەییەوە ڕاپەڕی. بەڕووی مریشکە سووردا نەڕاندی: چیت دەوێ ئەی مریشکە بێ مێشکەکە؟ جا چونکە چاوەڕوانی وەڵامێکی وەها توند نەبوو، مریشکە سوور شڵەژا، جومگەکانی لەشی لەرزین و داوای لێبوردی لێ کرد: لێم ببوورە. ببوورە ئەی کەڵەشێری گەورەمان. ئێمە سەبارەت بەتەندروستیتان نیگەران بووین. ئاگەدار بووین بێ ئەوەی کەسێکت لێوە نزیك بێ، قسەت دەکرد. ئێمە وەهای بۆ چووبووین لەوانەیە خوانەخواستە نەخۆش کەوتبیت.

کەڵەشێرەکە کاتێ گوێی لە قسەی مریشکە سوور بوو، پتر تووڕە بوو. سوورایی و ئاوساویی پۆپنەشی پتر بوو، کاتێ هاواری کرد: نەخۆش؟ من نەخۆشم؟ چەند کۆمەڵە مریشکێکی گەوجن ئێوە. ئەمجا گاڵتەجاڕانە، قاقا پێ کەنی و بە ڕووی مریشکە سووردا قیڕاندی: لاچۆ لە بەرچاوم هەی بێ مێشك. بەر لەوەی بەدەنووك چاوانت هەڵکۆڵم ملت بشکێنە.

مریشکە سوور بەترسەوە بەرەو لای هاوڕێکانی کە بەنیگەرانی و پەرۆشەوە چاوەڕوانی بوون هەڵات. هەرکە گەیشتەوە لایان دەوریان دا و پرسییان: ها. قسە بکە. چی ڕووی دا؟ چی قەوما؟ بەڕووتا وەها دیارە تووشی هەڵوێستێکی ناجۆر بوویت. ئەدی ئێمە ئاگەدارمان نەکردیتەوە، کە کەڵەشێرەکەمان ئەمڕۆ نائاساییە. توو ئەو خوایە جوێنی پێ نەدای و دەری نەکردی؟

لە ئاستی ئەو هەموو پرسیارەدا، کە بەسەریدا داباری، هیچی تری پێ نەکرا، لەوە زیاتر، کە ملی دابنەوێنێ و چاو دابخات و بەشەرمەوە بڵێ: بەڵێ جوێنی پێ دام و دەریشی کردم. نازانم چی بەسەر هاتووە. هەر دەبێ شێت بووبێ. ئەو هەتا دوێنێش بەهیچ شێوەیەك وەها نەبوو. ئەو بێ وەستان لەگەڵ خۆیدا دەدوێ.

مریشکە زەرد پرسی: لەگەڵ خۆیدا باسی چی دەکرد؟ شتێکی لە قسەکانی گوێ لێ بوو؟ مریشکە سوور لە وەڵامدا وتی: بگرە زۆربەیم گوێ لێ بوو.

ئەو دووپاتی دەکاتەوە، کە نهێنیی ژیان لە نێو گەرووی ئەودایە. ئەگەر ئەو نەبێ ئەوا دنیا نوقمی

تاریکییەکی هەتاهەتایی دەبێ. ئەوی ڕاستی بێ من لە مەبەستی قسەکانی تێ نەگەیشتم.

مریشکە زەرد لەسەرخۆ قسەکانی مریشکە سووری هاوڕێی دەوتەوە: نهێنیی ژیان لە نێو گەرووی ئەودایە. ئەمجا بەدەنگی بەرز پرسی: کەڵەشێر مەبەستی لەمە چییە؟ دواتر ڕووی کردە مریشکە سوور و بەدەنگێك کە گلەیی و بناشتی پێوە ئاشکرابوو پرسی: بۆچی هەوڵت نەدا لە مەبەستی قسەکانی تێ بگەیت؟

مریشکە سوور وەڵامی دایەوە: هەوڵم دا، بەڵام ئەو تەنانەت وەڵامی سڵاوەکەشی نەدامەوە. وا پێ دەچوو ئەو لە دۆخی خەون بینیندا بووبێ و من بەئاگام هێنابێ. بۆیەکا تووڕەبوونەکەی لە من وەها توند و دڵڕەقانە بوو.

مریشکە زەرد پتر سەری سڕما و سەیری پێ هات. زۆر بیرۆکە و لێکدانەوەی تێکەڵ و پێکەڵ بەسەریدا ڕەت بوون. وەلێ نەیتوانی بگاتە ئەنجامێك دڵنیای بکا و دوودڵی و ترسی بڕەوێنێ. بۆیە بڕیاری دا ئەو سەرەڕۆیییە بکات و خۆی بچێتە بنج و بناوانی، تاکو بزانێ کەڵەشێر چیی بەسەر هاتووە و لە ناوەڕۆکی قسەکانیشی تێ بگات. زۆریش ورەی نایە بەر خۆی تاکو ئەم سەرەڕۆیییە بکات و وتی: متمانەم بەخۆم هەیە، کە سەردەکەوم. من لە مریشکە سووری هاوڕێم نەرمتر و زیرەکتر دەبم.

مریشکە زەرد هێمن و بەئاگەیییەوە لە کەڵەشێر نزیك کەوتەوە. لە نزیکدا وەستا. بەڵام ئەو لەگەڵ خۆیدا



سەرگەرمی قسە و باس بوو. بۆیە ئاگەداری هاتنی ئەم نەبوو. بگرە لە پەیڤین بەردەوام بوو وتی: ئەوان نرخی من نازانن. بەهەندیشی ناگرن. دەبێ ئەوان بزانن من کێم و چیم لە دەست دێ. زۆر پێویستە دەرسێکیان دابدەم لە بیریان نەچێتەوە. مریشکە زەرد سەرسڕماوی ئەم قسە نامۆیانە بوو کاتێ بەرێزێکی بێ پایانەوە زاری هەڵهێنایەوە: سڵاو لە کەڵەشێری مەزنمان. کەڵەشێر ئاوڕی لە سەرچاوەی دەنگەکە دایەوە. وشەی مەزنی لە بەردڵ خۆش بوو. لووتبەرزانە لە مریشکی پرسی: چیت دەوێ؟

مریشکە زەرد، بەسەرهاتی مریشکە سووری هاوڕێی هاتەوە بیر. بڕیاری دا بەئاگا و زیرەکانتر بێ. لە کەڵەشێری پرسی: کێن ئەو بێ مێشکانەی، کە نرخی کەڵەشێری مەزنمان نازانن؟ ئەمجا وتی: ئەوانە هەر بەڕاستی دەبەنگ و شێتن.

کەڵەشێر بەبیستنی ئەم وشانە شاد و خۆشحاڵ بوو، جەختی لەسەر وتەکانی مریشك کردەوە و وتی: بەڵێ. بەڵێ. ئەوانە دەبەنگ و شێتن. بەڵام سبەی، سبەی پێ دەزانن من کێم. چونکە سبەی من مان لە خوێندن دەگرم.

مریشکە زەرد کاتێ گوێی لەم وتانە بوو، هەستی بەترس و دڵەڕاوکێ کرد. یەکسەر پرسی: چی چی؟ سبەی مان لە خوێندن دەگری؟ کەڵەشێر زەردەخەنە گرتی و لە خۆی بایی بوو، کاتێ دیتی وتەکانی کاریگەرییان بەسەر مریشکە هەژارەکەوە هەیە. ئەمجا لەسەری ڕۆیی: بەڵێ. لە سبەینێوە لە خوێندن دەوەستم. مریشکە زەرد بە ترسەوە پرسی: جا دوای ئەوە چی ڕوو دەدات. ئەی کەڵەشێری خۆشەویست؟! کەڵەشێر بە لەخۆباییبوونەوە وتی: هەی بێ مێشك گوایە نازانی دوای ئەوەی کە بڕیاری مانگرتن لە خوێندن ڕادەگەیەنم چی ڕوو دەدا؟ مریشکە زەرد خۆی لێ نەبان و نەزان کرد و وتی: بەڵێ نازانم چی ڕوو دەدا ئەی کەڵەشێری ئازیز.

کەڵەباب بەتەواوی بڕوا بەخۆبوونەوە وتی: کاتێ لە خوێندن مان دەگرم، ئیدی ڕۆژ هەڵنایە. مرۆڤ و گیانداریش لە خەو ڕانابن. ئیدی سەراپای دنیاش لە تاریکاییی هەتاهەتاییدا دەژی.

مریشکە زەرد کاتێ گوێی لە وتەی کەڵەشێر بوو بەدەم تۆقینەوە هەڵات. بەدەم هەڵاتنەوە بۆ لای هاوڕێکانی، دەیوت و دەیوتەوە: تێ گەیشتم. تەواو تێ گەیشتم. هەرکە گەیشتە لایان ڕێژنەی پرسیار بەسەریدا باری. هەموو دەیانویست بزانن: زووکە پێمان بڵێ. ئاخۆ لە مەبەستی تێ گەیشتیت؟ هیچی لێ حاڵی بوویت؟ دەتبینم ترساو دیاری!؟

چی لە گۆڕێدایە؟

تکایە قسە بکە مریشکە زەرد لە ئاستی ئەم هەموو پرسیارەدا، تەنیا توانی بڵێ: کارەساتە. کارەسات ڕوو دەدا. مریشکەکان بەدەم ترس و لەرزەوە پرسییان: ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ لە کام کارەسات دەدوێی؟

مریشکە زەرد قسەکانی تەواو کرد و وتی: کەڵەشێرە شێتەکەمان ناهێڵێ لەمەولا ڕۆژ هەڵبێ. لە سبەینێوە بەیان نابینین. ئەمە دوارۆژی ژیانمانە. ئیدی تەواوی تەمەنمان لە تاریکاییی هەتاهەتاییدا بەسەر دەبەین!

مریشکە سوور، کە ترس بەسەریدا زاڵ بوو پرسی: شتی وەها چلۆن دەبێ؟. تکایە بۆم ڕوون بکەرەوە، کاری وەها چلۆن ڕوو دەدا؟ مریشکە زەرد بەخەم و نائومێدییەوە وتی: لە تاریك و ڕوونی سبەینێوە کەڵەشێر لە خوێندن مان دەگرێ. ڕۆژیش ئەگەر گوێی لە قووقەی ئەم نەبێ ئیدی هەڵنایە. هەروەها مرۆڤ و گیاندار و درەخت هەموویان دەچنە خەوێکی هەتاهەتاییەوە. ئێمەش دەبێ هەتا دەمرین ژیان لە خانووە تاریکە تەنگەبەرەکەماندا بگوزەرێنین.

مریشکە سوور پاش ئەوەی قسەی هاوڕێکەی بیست، تۆقی و دووبارەی دەکردەوە: هاوار بەماڵم خوایە. کەڵەشێر لە پای چی کاری وەها دەکات؟ ئایا ناکرێ نەهێڵین ئەم بڕیارەی جێبەجێ بکات؟

دوای ئەوەی ئەم هەواڵەیان بیست، هەموو مریشکەکان لە چینە و دانخواردن وەستان. ترس زۆری بۆ هێنان. مریشکە سپییەکە دوای دوودڵییەکی زۆر ئەوسا پێشنیازێکی خستە پێش هاوڕێکانی و وتی: پێشنیاز دەکەم لە نێوان خۆماندا شاندێك پێك بهێنین و بچینە لای کەڵەشێر. لێی بپاڕێینەوە تاکو بڕیارەکەی جێبەجێ نەکات. تکای لێ بکەین بەزەییی پێماندا بێتەوە، ئێمە مێینەکانی ئەوین، هەروەها با بەزەییی بەمرۆڤ و ئاژەڵ و درەخت و ڕۆژی کڵۆڵیشدا بێتەوە.

مریشکەکان بەوردی گوێدێری پێشنیازی هاوڕێکەیان بوون. ئەوان پێویستییان بەهەر بیرۆکەیەك هەبوو، کە بتوانێ لەم تەنگژە ترسناکەی، کە مەترسیی لەسەر ژیانیان پەیدا کردووە، ڕزگاریان بکات.



بۆیە ژمارەیەکیان هاواریان کرد: بیرۆکەیەکی نایابە. بیرۆکەیەکی چاکە. دەبا دەستبەجێ جێبەجێی بکەین. دەمودەست پێنج مریشك هەڵبژێردران، تاکو وەك شاندێك ڕوو بکەنە شوێنی وەستانی کەڵەشێر.

کەڵەشێر هێشتا هەر لەسەر ئەو شێوەیەی ئەوسای، بێ ئاگا لە دەوروبەر لە بان شوورەی باخەکە ڕاوەستابوو. ئەو لە دەریای بیرۆکەکانیدا مەلەی دەکرد. لە بن لێوەوە لە تەك خۆیدا دەدوا، کاتێ لە ناکاو پێنج مریشکەکە بەدەنگێکی لەرزیو وتیان: سڵاوت لێ بێ ئەی کەڵەشێری مەزنمان. کەڵەشێر لایەکی ڕووی تێ کردن و بەسووکایەتی پێکردنەوە بۆیانی ڕووانی و وتی: خێرا پێم بڵێن چیتان دەوێ؟ چونکە من کاتی زێدەم نییە تاکو گوێ لە قسە پڕوپووچەکانی ئێوە ڕابگرم. مریشکەکان بەم وەڵامە شڵەژان، بەڵام تاکو کۆتایی هەر سووربوون لەسەر بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەی بۆی هاتبوون. دەستبەجێ وەڵامیان دایەوە: ئێمە هاتووینە سەردان و هەواڵ پرسینت ئەی کەڵەشێری ئازیز. هاتووین تاکو لە تەندروستیت دڵنیا بین، تۆ بەنرخ و بەڕێزی لەلامان. کەڵەشێر پتر لە خۆی باییی بوو. ئەو لووتبەرزیی پێوە دیاربوو، بۆیە پرسی: چی تریش؟

مریشکەکان پتر شڵەژان، هەندێك ویستیان بکشێنەوە و واز لەم کارە بهێنن، کە پێ دەچوو نەکردە بێت و بۆیان نەچێتە سەر. بەڵام هەندێکیان ئازا و بەجەرگتر بوون. مریشکە سپی دەستپێشخەری کرد و وتی: ئەی کەڵەبابی مەزن ئێمە هاتووین. هاتووین لێتان بپاڕێینەوە تاکو بەزەییت بەئێمە و بەدنیاشدا بێتەوە. تاکو لە هەمووان ببووری و ئەو ئەرکە بکێشی، لەو بڕیارە ترسناکەی کە داوتە. بڕیاری مانگرتن لە خوێندن، پەژیوان ببیەوە.

کەڵەشێرەکە بە لەخۆباییبوونەوە، بەزمانێك کە بۆنی خۆبەزلزانینی لێوە دەهات وتی: من بڕیاری خۆمم داوە. هیچ هێزێکیش نییە بتوانێ پەشیمانم بکاتەوە. دەمەوێ ئەو دەبەنگانە بزانن من کێم و دەتوانم چی بکەم. کارێك دەکەم تەواوی ئەم دنیایە لە شەوەزەنگدا بژی.

دوای ئەم لێدوانە ڕوون و ئاشکرایە. ترس چووە دڵی مریشکەکان. ئەوان فرمێسکیان دەباراند و دەیانوت: جا کە وابێ ئێمەش دەمرین. گوایە بیرت لە ئێمە نەکردووەتەوە؟ ئێمەش هەروەها ناتوانین لە خانووە گچکەکەمان بچینە دەرەوە. لە برسان و لە تینووواندا دەمرین. ئەی گوایە تۆ خەفەتی پێ ناخۆی؟

کەڵەشێری دڵڕەق گوێی بەفرمێسکی مریشکەکان نەدا. سکاڵا و پاڕانەوەیان کاری تێی نەکرد. بگرە ئەو بە جەختکردنەوە وتی: قسەی ئێوەم بەلاوە گرینگ نییە. بڕیاری خۆمم داوە و جێبەجێشی دەکەم. ئەگەر هەموو دنیاش سووتابێ گوێ نادەمێ.

مریشکەکان دوا هەوڵیان لەگەڵدا و وتیان: تکات لێ دەکەین. لێت دەپاڕێینەوە کاری وەها مەکە ئەی کەڵەشێری ئازیز.

بەڵام کەڵەشێری توورە، بەقیژە و هاوار وەڵامی پاڕانەوەی ئەوانی دایەوە. هەر پێنجیانی بەجارێك تۆقاند و ناچار بەهەڵاتنی کردن. خۆشی بەدوایاندا دەیقیژاند: ون بن لە بەرچاوم، ئەگینا بەدەنووك چاوە ناشیرینەکانتان هەڵدەکۆڵم.

دوای ئەوەی مریشکەکان لە کەڵەشێری دڵڕەق دوورکەوتنەوە، بێ نەخشە و پلان، شڵەژاو و داماو بەدەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە. یەکێکیان وتی: چارمان چییە؟ خوایە هەموو دەمرین. دووەم وتی: ئەمە دوواڕۆژی ژیانمانە. ئای ئەم ڕۆژە چەند جوانە. ئێوە باش دیقەتی بدەن ئەمە دواجارمانە، کە دەیبینین. مریشکی سێیەم بەدەم گریانەوە وتی: لە خانووە گچکە تەسکەکەماندا دەمرین. ئەم کەڵەشێرە چەند دڵڕەقە.

لەم چرکەساتەدا جووجەڵەیەکی سپیی گچکە هاتە پێشەوە. ئەو گوێی بۆ قسە و باسی مریشکەکان



ڕاگرتبوو. لە نێو ئەواندا مریشکە سپیی دایکیشی ڕاوەستابوو. ئەو بێ ئەوەی لە باسەکەیان تێ بگات و بزانی ئەوان لە چی ترساون لە دایکی خۆی پرسی: دایە، ئەوە بۆچی دەگرییێ. بۆچی دەتانبینم هەموو زراوتان چووە؟ مریشکە سپی جووجەڵەکەی خستە ژێر باڵی خۆیەوە و فرمێسکی باراند و وتی: هیچ کزەی جەرگم هیچ. خەتای کەڵەشێرە.

جووجەڵەکە سەری سوڕما و ویستی زیاتر بچێتە نێو باسەکەوە، پرسی: کەڵەشێر؟ چی لێ قەوماوە؟ چی کردووە؟! مریشکە سپی زانی، کە شاردنەوەی ئەم باسە لە جگەرگۆشەکەی هیچ دادێك نادات، چونکە دوای چەند سەعاتێکی کەم بەهەموو شتێك دەزانێ، بۆیە بەچاکی زانی بیدرکێنێ، تاکو هەر لە ئێستاوە بۆ ئەو کاتەی ئامادە بکات، بۆیە وتی: کەڵەشێر بڕیاری داوە لە خوێندن مان بگرێ. لە سبەینێ بەیانییەوە بڕیارەکەی جێبەجێ دەکات.

جووجەڵەکە بەپەرۆشەوە، خێرا وتی: ئەدی دوای ئەوە..! جا با ئەو لە خوێندن مان بگرێ. هەر لەبەرئەمەیە تۆ و پوورە مریشکەکانم دەگرین و خەمبارن؟! مریشکە سپی بەوەڵامی کۆرپەکەی سەری سڕما و قسەکانی بەبەشێك لە کەمتەرخەمیی زارۆکان لە ئاستی مەترسی و تەنگژەکاندا، زانی. بەڵام پێی وت: چلۆن من نەگریم و پوورەکانیشت خەمبار نەبن؟ ئاخر کاتێك کەڵەشێر، مان لە خوێندن بگرێ ئیدی خۆر هەڵنایەت. ئیدی هەموو دنیاش نوقمی تاریکیی هەتاهەتایی دەبێ. ئێمەش لە نێو ژوورە گچکە تەسکەکەماندا دەمرین.

مریشکە دڵتەنگە ترساوەکان دەگریان. وەلێ سەرسامی ئەم جووجەڵەیەش بوون کاتێك دایە قاقای پێکەنین. پتر سەرسام مان کاتێك ئەو لە پێکەنین وەستا و وتی: وەرە دایە با چینە بکەین و دان بخۆین. ئێوەش ئاسایی و بێ ترس بژین. مەترسن، هیچی خراپ ڕوو نادات.

مریشکەکان بەیەکدا هەڵیان ڕوانی و لەم قسە نامۆیانە حەپەسان. چونکە ئەمە بەکەمزانینی ئەو مەترسییەیە کەوا لە پێشیاندایە. چاویان بڕیبووە ئەم جووجەڵە سپییە وردیلەیەی، کە بەڕاکردن و بەخۆشییەوە، وریا و لێزان دەنکە گەنمی دەچنییەوە. لە کاتێکدا ئەوانی تر، دوای ئەوەی شاندەکەیان بەنائومێدی گەڕابووەوە، هەموو لایەك لە خواردن وەستابوون.

کاتێك رۆژی ئەو دەمە خەمناکە ئاوا بوو، مریشکەکان گەڕانەوە ماڵەکەی خۆیان. بەڵام هەموو دڵشکاو خەمبار بوون. دوای ماوەیەکی کورت، بەر لەوەی رۆژ دوا تاڵە تیشکی خۆی لە ماڵ و کێڵگەکە بکێشێتەوە، کەڵەشێریش گەڕایەوە ماڵ. پاش ئەوەی سووربوونی خۆی لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکەی، لە سبەینێوە ڕاگەیاند؛

کەڵەشێر چووە جێی تایبەتی خۆی. چاوەکانی لێك نا و چووە خەوێکی قووڵەوە. بەڵام مریشکەکان

چاویان بڕیبووه ئەو جێیەی لێی دەنوێ. تەنیا جووجەڵە سپییە گچکەکە بوو، کاتێ کەڵەشێری بینی، بێ دەربەستانە زەردەخەنەی هاتێ و پاشان چووە نێو خەوێکی خۆشی هێمنەوە.

بۆ سبەی بەیانی، وەك هەموو ڕۆژانی تر، رۆژ کەوت. خاوەن خانووەکە، گایەکەی بەرەو کێڵگەکەی تەنیشتیان دایە بەر. باڵندەکان هێلانەی خۆیان جێ هێشت و بەئاسماندا فڕین.

سەگی ماڵەکە تۆپێکی سووری دابووە بەر شاپان. درەختەکانیش بەدەم بەیانییەکی نوێوە پێ



دەكەنین. مریشكەكان بەترسەوە لە ماڵەكەیان دەرهاتن و سەریان  سڕمابوو، چونكە ئەوان گوێیان لە دەنگی كەڵەشێر نەبوو. ئەو هێشتا لە خەوی قووڵدا دەیپرخاند. ساتەكانی كازیوە و بەیانی تێ پەڕین و كات گەیشتە چێشتەنگاو. ڕۆژ گەیشتە تاقی ئاسمان و تیشكی ڕۆژیش بەڕووناكی و گەرمیی خۆیەوە گەیشتە ژووری مریشكەكان. كەوتە سەر جەستەی كەڵەشێر و خاو و خلیچك چاوی كردەوە.

ئەمجا باڵەكانی جووڵاند و چاوی بەژوورەكەدا گێڕا. بەدەر لە خۆی كەسی تری نەدیت. لەپڕ ڕووناكی بەرەو ڕووی چاوانی بووەوە. بەجارێك حەپەسا. بەتایبەت كاتێك بۆ دەرەوەی ڕوانی. دیتی وەك ڕۆژانی ڕابردوو هەموو شتێك ئاساییە و لە جێی خۆیدایە. مانگرتنی كەڵەشێر لە خوێندن ئەو ئەنجامەی لێ نەكەوتەوە، كە خۆی چاوەڕوانی بوو. ڕەوتی ژیانیش نەوەستا. كاتێك لەم ڕاستییە حاڵی بوو، بەربووەوە سەر زەوی و بوورایەوە.

مریشكەكان وەك لێ ڕاهاتبوون لە ساتە بەراییەكانی بەیانییەوە خەریكی چینە و وێڵی دوای خۆراك بوون. ئەوان زەردەخەنەی گاڵتەجاڕانەیان لەگەڵ یەكدا گۆڕییەوە، كاتێك دیمەنی كەڵەشێریان بینی نائومێدانە هەرسی هێنا. جووچكە سپییە چكۆلەكەش بەردەوام دانی دەقۆزییەوە و بەدەوری دایكی و مریشكەكانی تردا غاری دەدا و بەشادییەوە گۆرانیی دەچڕی:

مەترسێن.. نائومێد مەبن.

دڵنیا بن سەردەكەون!

ڕۆژ لە هەڵاتن ناكەوێ!

چۆلەكەیەك.. دەجریوێنێ!

پەپوولەیەكی ڕەنگاوڕەنگ

دەفڕێت و خۆی دەنوێنێ!

كەڵەشێر پیرێكی گێلە!

مەترسێن نائومێد مەبن!

دڵنیا بن سەردەكەون!

مریشكەكانیش بەدەم زەردەخەنەی شادییەوە بەشداریی گۆرانییەكە بوون، كەچی كەڵەشێر هیشتا لە شوێنی خۆی كەوتبوو، نەیدەتوانی خۆی بەپێوە ڕابگرێ.

تەواو

# هاڤیبوونی دارخورمایەک



لەودیو دیواری ژوور و هۆڵەکانی کۆشکی پادشاوە بەچڕی بەفر دەباری. شازادە ماریانا، لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە، سەرنجی دەدا. چاودێریی بارینی بەفرەکەی دەکرد، کاتێك لە باخە فراوانەکەدا دەنیشتە بان یەك. دەکەوتە سەر ئەو گەڵایانەی هێشتا هەر بەلقی درەختە گەورەکانەوە مابوون. شازادە خاتوون لە بان چرپا فراوانەکەی دانیشتبوو. ژمارەیەك یاریی هەمەڕەنگی وەك کەروێشکی لە لۆکە چێکراو، شێری لە کەوڵ دروستکراو، بووکەشووشەی گەنمڕەنگ و ڕەش و پرچ زەرد، کە لە جەژن و بۆنە جۆراوجۆرەکاندا بەدیاریی پێشکێشی کرابوون، دەوریان دابوو. ئەو هەموویانی خۆش دەویست و گەمەی لەگەڵدا دەکردن.

کات دەمەو ئێوارە بوو، بەدرێژاییی ئەو ڕۆژە ئەوەندە بەفر باریبوو؛ زەوینەی سەوزی باخەکەی تەواو شاردبووەوە. ئەو گەڵایانەشی، کە بەدرێژاییی وەرزی پایز وەریبوون لە بن ئەستووراییی بەفرەکەدا بزر کردبوو.

لە کتێبخانەکەی ماریانادا کتێبێکی نوێی ڕەنگاوڕەنگ هەبوو. ئەو کتێبە دیاریی پوورە مارگریتی بوو، چەند ڕۆژێك بەری نەهۆ بۆی ناردبوو. کتێبەکە گەورە و ڕەنگاوڕەنگ بوو؛ بەچاکی دروست کرابوو. پێ دەچوو وێنەکێش و دەرهێنەرەکەی هونەرمەندێکی مەزن و شارەزای کارەکەی خۆی بێت.

ماریانا دەستی دایە کتێبە نوێیەکەی. پەڕەکانی هەڵدایەوە. ئەو بەڕەنگ و بەوێنەی تەواوی ئەو ڕووەك و درەختانەی، کە لەو کتێبەدا هەبوون سەرسام بوو. شازادە ماریانا ئەو جۆرە درەختانەی لە باخی کۆشك و لە دارستانە دوور و نزیکەکانیشدا، کە بۆ خۆی چەند جارێك دیبوونی بەرچاو نەکەوتبوو.

بەر لەوەی ماریانا تەواوی پەڕەکانی کتێبەکە هەڵبداتەوە. دیمەنی درەختێکی نامۆ، کە ڕێك و بەرز و سەربڵند هەڵچووبوو، سەرنجی ئەوی ڕاکێشا. لە تەوقەسەرییەوە گەڵای نامۆ بەدەوری قەدەکەیدا شۆڕ بووبوونەوە. لە کۆتاییی قەدەکەشییەوە پەلکی ئەوتۆ هەبوون، لە گەڵای هیچ کام لەو درەختانە نەدەچوون، کە ماریانا دەیناسین. ڕاستەوخۆ لە ژێر ئەوانیشەوە جۆرە بەرێکی زەردی زێڕین دەبینرا.

بەلای شازادە خانی گچکەوە، ئەم درەختە دیمەنێکی سیحراوی و دڵفریوی هەبوو. ئەمەش دنەی دا، داوای ئەو درەختە لە باوکی پادشای بکات. باوکیشی هەردەم بەتەنگ دواکارییەکانییەوە بوو، هەموویانی بۆ جێبەجێ دەکرد.

شازادە خاتوون کتێبە نوێیەکەی لەگەڵ خۆیدا برد، ڕووی کردە ئەو هۆڵەی، کە دەیزانی ڕۆژانە بابی لەوێ، لە تەك وەزیر و هاوکارانیدا قاوە دەخۆنەوە. ئەو هۆڵەی پادشای لێ دادە نیشت گەورە و فراوان بوو. میچێکی بەرزی هەبوو. دیوارەکانی بەکەڤاڵی گەورە گەورەی ڕۆنی ڕازابوونەوە. کەڤاڵەکان بریێتی بوون لە دیمەنی سروشت، گیاندار لە تافی غارداندا، هەندێکیش لە تافی پشوودانداا بوون.

پادشا نزیك بەزۆپایەکی دار دانیشتبوو. پەنگرکێشێکی کانزاییی لە مستی بوو، دارە سووتاوەکانی پێ

دەجوولاند. لەبان مێزەکەیش کووپی قاوە و بەلەمی پڕ لە کێك و ئیشی هەویری هەمەجۆر ڕیز بووبوون.
لە چواردەوری مێزە گەورەکەیش ژمارەیەك وەزیر و گەورە فەرمانبەری شانشینەکە دانیشتبوون.
هاوکات نەختێك لەولاتر ژمارەیەك پێشخزمەت بەپۆشاکی تایبەتەوە دەستەونەزەر وەستابوون.

ماریانا بەکتێبەکەی ئامێزیەوە، بەڕاکردن گەیشتە لای باوکی. دوای ئەوەی بەزمانێکی شیرین ڕۆژباشی لە هەموو لایەك کرد، وتی: "باوە.. باوە.. ئەم درەختەم دەوێ"

پادشا کچۆڵەکەی خۆی لە ئامێز گرت. هەنیەی ماچ کرد و بەسۆزی باوکانەوە وتی: "ئەو درەختەی داوای دەکەی کامەیە؟ بابزانین لەم کتێبەدا چی بووەتە جێی سەرنجت؟"

ماریانا ئاماژەی بەو درەختە دا، کە پێی سەرسام بوو! پادشا بەسەرسامییەوە لە درەختەکە ورد بووەوە. ئەو بەدرێژاییی ژیانی خۆی لەو جۆرە درەختەی نەدیبوو. بۆیە لە دەوروبەری خۆی پرسی: "ئەم درەختە چییە و ناوی چییە، من نە لە شانشینی خۆمان و نە لەو وڵاتانەشی، کە شارەزایانم لەم جۆرە درەختەم نەدیوە؟"

ئامادەبووان، لە وەزیر و گەورە فەرمانبەرانی شانشینەکە چاویان بڕییە وێنەی ناو کتێبەکە. زۆربەیان بێدەنگ مان، هەندێکیش بەبڵمەبڵمێکی ناڕوون وەڵامیان دایەوە. چونکە ئەوان پێشتر درەختێکی لەو ڕەنگەیان نەدیبوو. بەڵام پێشخزمەتێکی کۆنەساڵی گەنمڕەنگ، بەدەنگێکی بیستراو وتی: "من ئەو درەختە دەناسم".

پادشا گوێی لە ورتەورتی پێشخزمەتەکە بوو، لێی ڕاما و پرسی: "بیلال، ئەوە چیت وت؟"

پیری پێشخزمەت کەمێك شڵەژا، ئەمجا وتی: "سەروەرم وتم بەندە ئەو درەختە دەناسم. ئەو درەختە لەو وڵاتەدا دەژی، کە باو و باپیرانی بەندەی لێ ژیاون. هەروەها لە وڵاتانی دراوسێی. ئەوە درەختێکە لە ڕۆژهەڵات دەڕوێ. لەوێ، کە ڕۆژ گەرمی و تینی هەیە. ناویشی دارخورمایە. بەرێکی شیرین و بەتام دەگرێ خورمای پێ دەڵێن. سەروەرم ئەوە درەختێکی هەرگاڤ سەوزە. قەدێکی بڵند و ڕێك و پتەوی هەیە..."

ئیدی پێشخزمەتەکە بەتانیدا هاتە خوار. بەدرێژیی باسی دارخورما و هەموو ئەو سوودانەشی، کە لە قەد و لك و گەڵاکانیدا دەبینرێ، کرد.

پادشا و وەزیرەکانی چوونە نێو وردەکاریی بابەتەکەوە. پرسیاری هەمەڕەنگیشیان بەرەو ڕووی پێشخزمەتە پیرەکە کردەوە. ئەویش ئەوەندە ئارام و ڕوون وەڵامی دەدانەوە، کە نیشانەی شارەزاییی تەواوی ئەو بوو لەو بوارەدا.

شازادە خاتوون لە وردەکارییەکانی ئەوەی دەوترا حاڵی نەدەبوو. بەڵام ئەو دەیزانی، هەموو لایەك بەو درەختەوە سەرقاڵن، کە ئەو داوای کردووە. ئەو گفتوگۆیەشی وا بەڕێوە دەچێت؛ سەبارەت بەدرەختی



ناوبراوە. بیرۆکەی چۆنیەتی بەدەستهێنانی درەختەکە بووبووە خولیای، بۆیە ئەو گوێی بەو وردەکارییانە نەدەدا، کە ئەوان باسیان لێوە دەکرد.

پادشا بەسۆزەوە کچۆڵەی خۆی لە باوەش کرد. دەستی بەپرچە زەردە جوانەکەیدا هێنا. ئەمجا بەچپەیەك، کە سۆز و خۆسەویستیی لێ دەتکا وتی: ”کچی خۆم، پەیداکردنی ئەم درەختە کارێکی زۆر سەختە. ئەو وڵاتەی لێی دەڕوێ دوورەدەستە، ناتوانین هەروا بەئاسانی بیگەینێ“.

شازادە ماریانای گچکۆکە دایە گریانێکی بێدەنگ. لە ئامێزی بابی پادشای دەرهات و بەپەلە گەڕایەوە ژوورەکەی. لەوێ خۆی بەسەر چوارپایەکەیدا دا و کتێبە ڕەنگاوڕەنگە جوانەکەشی لە ئامێز گرتبوو.

لە هۆڵە گەورەکەدا، پادشا دڵشکاوی ئەم باسە چاوەڕواننەکراوە بوو. خەم باڵی بەسەر وەزیر و تەواوی گەورە فەرمانبەرانیشدا کێشابوو. ئەوان دەیانویست بە وشە دڵنەوازەکانیان لە خەمی پادشا سووك بکەن. لە نێو ئەواندا وەزیری یەکەم و ڕازگری پادشا هەبوو.

ئەو پێشنیازی ناردنی شاندێکی سەربازی لە تەك هیلالی پیرە پێشخزمەتدا بۆ ئەو وڵاتە کرد، کە ئەم درەختەی لێ دەڕوێ. تاکو لەوێوە دانەیەك بۆ شازادە خاتوونی بچکۆلە بهێنن. وەلێ وەزیری یەکەم

پێشنیازەکەی بەهەند نەگرتبوو. چونکە ئەو دەیزانی، کە بەدیهێنانی کارێکی ستەمە. بەڵام دەیویست پادشا هێور بکاتەوە و باری خەمی سووك بکات. بەڵام پادشا پێشنیازی وەزیری یەکەمی تەواو بەهەند گرتبوو. ئەو لەمەڕ چۆنیەتیی گەشتەکەی دەپرسی و دەیویست بزانێ چەند دەخایەنێ؟ چەند پیاوی پێویست دەبێ؟ دەبێ چەند کەشتی بۆ ئەم مەبەستە بجوولێ؟.. هتد. وەزیری یەکەمیش وەڵامی دەدایەوە. سەبارەت بەم بابەتە، وەزیر و گەورە فەرمانبەرانی تری بەشدارییان لە وەڵامی پرسیارە دووروودرێژکانی پادشادا دەکرد.

دەمەو ئێوارە پادشا سەری لە ژوورەکەی ماریانای کچی دا. دیتی خەمبار دیارە. دڵی دایەوە و دڵنیاشی کرد، کە چەندی لە توانادا بێ هەوڵ دەدا تاکو ئەو درەختەی بۆ بهێنێتە باخی کۆشك. شازادە خاتوونی گچکە بەم بەڵێنەی بابی پادشای گەلێك شاد بوو. ئەو هەردەم ڕاستگۆیی و وەفای لە باوکی خۆی دیبوو، بۆیە سوور دەیزانی، کە ویست و ئارەزووی دێنێتە دی و ئەو درەختە جوانە سەرسووڕهێنەشی بۆ پەیدا دەکا.

بۆ سبەی، پادشا سەرکردەی سوپا بانگهێشتنی کۆشکی شاهانە کرد. لەوێ بەئامادەبوونی وەزیری یەکەم، لە چیرۆکی درەختەکە ئاگەداری کرد. لێشی پرسی، داخۆ لە توانادا هەیە بەبێ قوربانیدانی گەورە پەیدا بکرێ. جا چونکە سەرکردەی سوپا ڕەزامەندیی پادشای مەبەست بوو، هەستیشی پێ کردبوو، کە پادشا سوورە لەسەر پەیداکردنی ئەم درەختە، بۆیە سەرکردەی سوپا جەختی لەسەر کرد، کە ئەو لەبەر خاتری شازادە خاتوونی ئازیز دەتوانێ ئەم خواستە بێنێتە دی. ئاماژەی بەوەش دا، کە لە گەشتێکی وەها سەخت و دووروودرێژدا، ئەگەری کۆسپ و مەترسیش لە ئارادایە. بەڵام دڵنیاشی کرد، کە ئەو دەتوانێ بەسەریاندا زاڵ ببێ. سەرکردەی سوپا، سەبارەت بەهیلالی پێشخزمەت شتێکی لە پادشا بیستبوو، گوایە ئەو هەم شارەزای درەختەکە و هەم ئەو وڵاتەشە، کە درەختەکەی لێ دەڕوێ. بۆیە پێشنیازی کرد تاکو هەرچی زووە ناوبراوی بۆ بانگ بکەن؛ تاکو ڕاوێژی لە تەکدا بکات و سەبارەت بەوردەکارییەکانی گەشتەکە پرسیاری لێ بکات. کاتێك پێشخزمەتی پیر ئامادە بوو، ئیدی لە پێش پادشا و وەزیری یەکەم و سوپاسالاردا؛ ئەو پێگە و وڵاتانەی دیاری کرد، کە ئەم درەختەیان تێدا دەڕوێ. شوێنەکانیش زۆر دوورەدەست بوون.

لە نێوان ئەو شوێنانە و وڵاتی پادشادا چەندین زەریا هەبوون. پیرەمێرد وەڵامی هەموو پرسیارەکانی پادشا و سەرکردەی سوپا دایەوە. بەتایبەت ئەوانەی پێوەندییان بەسروشت و ئاکاری دانیشتوانی ئەو وڵاتەوە هەبوو. کاتێك ئەوان لە تەواوی وەڵامە ڕوونەکانی پێشخزمەتی پیر دڵنیابوون، پادشا ئاماژەی دایە سەرکردەی سوپا تاکو دەستبەکار بێ و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا شایانترین دەریاوانە ئازاکانی خۆی، لەگەڵ هەموو پێویستییەکانی وەك ئازووخە و چەك و تەقەمەنی و پارەدا ئامادە بکا. دەبێ

هیلالی پێشخزمەتیش لە نێوان بەشدارانی گەشتەکەدا بێ. چونکە دەشێ لە هەر پێشهاتێکی کتوپڕدا پێویستییان پێی بێ.

نزیك بەلێوارەکانی شەتولعەرەب، لە پاڵ دەیان هەزار دارخورمای باڵابەرزدا، دارخورمایەکی لاو هەڵچووبوو. تەمەنی لە چەند ساڵێك تێ نەدەپەڕی. ڕێك و بڵند هەڵچووبوو. قەدێکیی قاوەیی هەبوو، لە تەوقەسەرەوە ژمارەیەك لکی سەوزی لێ جودا بووبووەوە؛ بەدەوری قەدەکەیدا نوشتابوونەوە. هەندێکیشیان لە سەرەوە ستوونی هەڵچووبوون. بەدرێژاییی ساتەکانی ڕۆژ، لکەکانی، لە تەك شنەی شەماڵدا سەما و گەمەیان دەکرد. ئاوی شەتولعەرەب لێی دوور نەبوو. نێوان ئەم و کەناری ڕووبارەکە هەروا بیست مەترێك دوور دەبوو. ڕەگەکانیشی بەقووڵ ڕۆ چووبوون، تاکو بگەنە ئاو.



دارخورمایەکە لە بەزم و هەوای خۆیدا بوو، کاتێك گوێی لە گۆرانیی ڕاوچییەکان دەبوو. ئەو دەمانەشی پێ خۆش بوو، کە تۆڕی پڕ لە ماسیی زیندوویان لە ڕووبارەکە دەردەهێنا و ماسییەکانی ناوی هەڵدەبەزینەوە. ئەو لای خۆیەوە کەیفسازتر دەبوو کاتێك بەلەمەوانەکانی دەبینی لە گەشتی دوور دەگەڕانەوە و کەسوکاریان بە شادییەوە پێشوازییان لێ دەکردن.

حەزیشی لە جریوەی پاساری و چریکەی بولبول و گمەی کۆتر بوو، وەختایێ لەسەر لکەکانی دەنیشتنەوە و بەتاسووقەوە دەنووکیان لە دەنکە خورما گەییوەکانی دەدا. ئەو بەدەم منداڵانەوە زەردەی دەهاتێ کاتێك لە پشت قەدەکەیەوە خۆیان دەشاردەوە و گەمەی چاوشارکییان دەکرد. ئەو بەختیارتر دەبوو، وەختایێ خەڵکانی ماندوو لە سایەیدا دەحەسانەوە، یان لە تاوە باران و تاوە تەرزەی بەهاران هەڵدەهاتن و سایەی ئەمیان دەکردە پەنا و داڵدە. یاخۆ کاتێك جووتیارێکی چالاك بەقەدیدا هەڵدەزنا تاکو هەلاڵەکانی بپیتێنێ؛ هاوکات بەدەنگێکی دڵنەواز و پر لە سۆز گۆرانییەکی خەمناکی دەچڕی. خۆشترین ساتەکانی دارخورمایەکە ئەو دەمانە بوو، کە خورمایەکەی پێ دەگەیشت و بە هێشووەکانیدا شۆڕ دەبووەوە. لە تافی هەڵکردنی هەر شنەبایەکدا، دەنك دەنك خورمای بۆ نێو مستی منداڵان بەردەدایەوە.

لە شەوێکی زستانی سارددا، کە مانگ ئاوا بووبوو؛ دارخورمایەکە لە دووررا کەشتییەکی گەورە و نامۆی بینی، لەپڕ لە یەکاوی عەرەبدا وەستا. دوای چەند خولەکێك لە وەستانی ئەم پاپۆڕە نامۆیە، ئیدی لە ناوەڕاستی ئەم ڕووبارە قووڵەدا لەنگەری خست. زۆری نەخایاند چەند بەلەمێکی گچکە لە پاپۆڕەکەوە شۆڕ کرانەوە. لە هەر بەلەمێکدا چەند پیاوێکی پرچ زەرد هەبوون، کە دارخورمایەکە پێشتر پێیان ئاشنا نەبوو. ئەوان جۆرە جلوبەرگێکیان پۆشیبوو پێشتر لەبەری کەشتیوانەکانی نێو یەکاوی عەرەبدا نەیدیبوو، کە ئەو چاك ڕوو و پۆشاك و ئاوازەکانیانی دەناسییەوە. بەلەمە چکۆلەکان بەرەو کەنار جووڵان و لە جێیەکی نزیك بە دارخورمایەکەدا لەنگەریان گرت. بەلایەوە کارێکی کتوپڕ بوو کاتێك دیتی کەشتیوانە نامۆکان ڕێك بەرەو لای ئەم دێن. بەدەوری قەدەکەیدا دەسووڕێنەوە. بەوردی سەرنجی دەدەن و لە لك و پۆپەکانی ڕادەمێنن؛ بەزمانێك ورتەورتیانە، کە ئەم پێی ڕانەهاتووە. پتر سەرسام ما، کاتێك لە نێو ئەو نامۆیانەدا ڕوویکی بینی لەوەدا بوو بیناسی؛ ئەگەرچی پۆشاك و زمانیشی بەم نامۆ بوون. هیلال بەوردی دەیپشکنی و ڕا و سەرنجی خۆی بەوانی دیکە دەوت. هەستی کرد خەم و ئازارێك لە دەنگی ئەودا هەیە ناتوانێ بیشارێتەوە، دارخورمایەکە لە هۆکاری ئەو خەم و ئازارە حاڵی نەدەبوو. ئەمجا گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە لە یەکێك لە نامۆکانەوە بڕیارێك دەرچوو. ئیدی بەپەلە دەمی ژمارەیەك ساکیان ترازاند؛ گوریس و بێڵ و تەوریان لێ دەرهێنان. دوای چەند هەناسەیەك بە دوو گوریسی قایم، لە سەرەوە و لە خوارەوە قەدیان شەتەك دا و ئەملا و ئەولایان لێ گرت. ئەوانی تریش دەستیان بەهەڵکۆڵینی خاکی دەوروبەری بنکەکەی کرد. تاکو ڕەگەکانی بەدیار کەوتن. بگرە هەندێ ڕەگ بەهۆی تەورکاریی بەردەوامەوە دەپچڕان. لە بەرەوە چاڵەکە قووڵتر دەبوو، پیاوەکان لە هەردوو لاوە و بەنۆرە، زیاتر و بەهێزتر گوریسەکانی دەوری قەدەکەیان ڕادەکێشا. دارخورمای تاین بەدەم سەرسڕمان و ئازارەوە بەلای ڕاست و چەپدا لەرزی. بەڵام هەرەسی نەهێنا. ئەو هێشتا هەر چەسپی



زەوی بوو، لە هەر ڕاشەکاندنێکدا هەستی بەپسانی ڕەگەکانی خۆی دەکرد.

لەگەڵ هەر تەکانێکی نوێدا، هەستی دەکرد لەو خاکە دادەبڕێت، کە ڕەگەکانی بەناخیدا ڕۆ چووبوون.

دارخورمایەکە هەوڵی دەدا بەرگری بکات. لك و پۆپەکانی ڕاپسکاند و کردی بەهەرا و زەنا. لەودا بوو کۆتاییيە ڕەق و تیژەکانی بەرچاو و ڕووی پیاوە نامۆکان بکەوێ. بەڵام تێپەڕینی کات بەچاکەی ئەم نەدەشکایەوە. لەگەڵ هەر ساتەوەختێکدا، کە تێ دەپەڕی، دارخورمایەکە پتر ئەو ڕەگانەی لە دەست دەدا، کە بەناو زەویدا ڕۆ چووبوون. لە هەرەسهێنان نزیك دەبووە. ئەو دارخورمایانەی لێیەوە نزیك بوون، نەیاندەتوانی کۆمەکی بکەن. وەلێ ئەم هەستی بەترس و تووڕەبوون و ناڕەزاییی ئەوان دەکرد، بەرامبەر بەوەی وا ڕوو دەدا. ئەم هەستیشی پێ کردبوو، کە ئەوان لە پای چی بێزاری دەردەبڕن و لك و پۆپەکانیان دەجووڵێنن. بەڵام دەشیزانی، کە ئەوان لەوە بترازێ هیچی تریان پێ ناکرێ.

پیاوە نامۆکان لە قووڵکردنی چاڵەکە و بڕینی ئەو ڕەگانەدا، کە لە زەوی گیربوون بەردەوام بوون. لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی دیکەیان بەنۆرە، لە هەردوو لاوە سەرقاڵی ڕاکێشانی قەدەکەی بوون. لەو دەمەدا دارخورمایەکە هەستی کرد وا خەریکە لە بنەوە هەرەس دێنێ و لەوەدایە توانای بەرگریی نەمێنێ. هەستی بەسەرەخولێیەکی توند کرد. ئیدی بەجارێك بەسەر لك و پۆپەکانی خۆیدا هەرەسی هینا. ئەو وردە ڕەگانەشی، کە بەئاوی یەکاوی عەرەبەوە پێوەست بوون بەجارێك پچڕان. دارخورمایەکە بەدەم ئازارەوە خەمبار ڕاکشابوو، چاودێریی پیاوە نامۆکانی دەکرد کاتێك ئەوان خەریك بوون

ڕەگەکانی و ئەو گڵەشی بەڕەگەکانییەوە گیرسابوون، لە تەلیسێکی نایلۆنی ئەستووریان دەنا. پاش ئەوەی لەم کارە بوونەوە، لە هەردوو لاوە بەسەر قەدەکەیدا دابەش بوون.

گوریسیان لێ بەست. ئەمجا دەستیان دایە کۆتاییی گوریسەکان و هەڵیان گرت. جا چونکە درەختەکە کێشی قورس بوو، پیاوەکان پرزەیان لێ بڕابوو. ئەگەرچی قەراغ لە شوێنی ڕەسەنی دارخورمایەکەوە دوور نەبوو. بەڵام تا گەیشتنە قەراغی ڕووبارەکە چەند جارێك پشوویان دا.

دارخورمایەکە ڕاستەوخۆ لە کەناری ڕووبارەکەدا دانرا. هەندێ لك و پۆپی بەر ئاوە ساردەکە کەوتن. لەوێ سێ بەلەم پێکەوە بەسترابوون. بەهۆی بزمارێکی بەهێز، کە توندوتۆڵ لە وشکانیدا داکوترابوو بەسترابوونەوە. پیاوەکان دیسان گەڕانەوە و لە باری پانی دارخورمایەکەیان لەبان سێ بەلەمە پێکەوە بەستراوەکە دانا. کارەکەیان هەروا سووك و ئاسان نەبوو، ڕەنج و کاتی زۆری ویست. پیاوەکان لەوەش دڵنیابوون، کە دارخورمایەکە تەواو لەسەر بەلەمەکان جێگیر بووە. بەلەمەکان هەتا نیوەیان بەنێو ئاودا ڕۆ چووبوون. ژێریشیان دابوویەوە لە لمی بنکی ڕووبارەکە. بۆ دڵنیاییی پتر لە چەند جێیەکەوە دارخورمایەکەیان بەبەلەمەکانەوە شەتەك دا. بەر لەوەی بەیان بدات، کاروانی بەلەم لەسەرخۆ بەرەو کەشتییە گەورە لەنگەر خستووەکەی ناوەڕاستی یەکاوی عەرەبی جووڵان. لە پێش و لە دوایانەوە بەلەمی تر بۆ فریاخوازی و ڕێنوێنی دەجووڵان. لەو دەمەدا، کە بەلەمەکان گەیشتنە پاڵ کەشتییە گەورەکە، دارخورمایەکە سەری لەوە سوڕمابوو، داخۆ بۆچی ئەو کەشتیرانانە وا بەخۆشی و شادییەوە دەڕواننە ڕەگ و ڕیشەی هەڵکەندراو و قەدی هەرەسهێناو و درێژبووی ئەم.

سێ بەلەمەکە لە دیواری کەشتییە گەورەکە بەستران. بەهاوکاری ژمارەیەکی زۆر لە کەشتیوانان ئەمجا توانییان لە بەلەمەکانەوە بیگوێزنەوە سەر کەشتییەکە. لەوێ لە جێی تایبەتی و دیاریکراودا جێگیر بوو. پاشان بەلەمە چکۆلەکان لە ناو یەکاوی عەرەبەوە گوێزرانەوە سەر پشتی پاپۆڕەکە و لە جێی پێشووی خۆیاندا قایم کران. ئیدی کاپتن و کەشتیوانان، هەریەکە چوونە جێی خۆیان و کەشتی جووڵا.

دوای چەند هەفتەیەك ئەوجا، کەشتییە ڕۆژئاواییەکە لە یەکاوی عەرەبییەوە گەیشتە کەناری ئەو بەندەری کە چەند مانگێك پێشتر گەشتی لێوە کردبوو. ئەگەرچی کەشوهەوا ساردبوو، بەڵام دارخورمایەکە بەگوریسی ئەستوور بەسترابوو. ئەو وەك لە هۆش خۆی چووبێ بەباشی ئاگای لە خۆی نەمابوو. لە هەرا و زەنای بەرزی دەم بەندەرەکە بەئاگا هاتەوە. هەندێ ڕووی بینی، لەوانە دەچوون، کە لە هەڵکەندنیدا هەرەوەزییان کرد. بگرە ئەو گوێی بەهەمان جۆرە دەنگ زرنگایەوە. هەمان جۆرە جلوبەرگیشی لەبەریاندا دیت. لەوە حاڵی بوو، کە گەشتە درێژ و بێزارکەرەکەی بەرەو کۆتایی دەچێ. ئیتر لەم ساتەوەختەوە ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکا. دارخورمایەکە لەم بۆچوونەیدا بەهەڵەدا

نەچووبوو. چونکە دەستبەجێ ستوونی ئاسن کەشتییەکەی بە لێواری بەندەرەکەوە گرێ دا. ژمارەیەکی زۆر پیاوانی بەهێز و بازۆڵە ئەستوور سەرکەوتن. هەندێك گوریسەکانیان ترازاند و لە جەستەی کەشتییەکەیان کردەوە، هەندێکیش هەڵیان گرت و بەسەر ستوونە ئاسنەکاندا بەرەو لێواری بەندەرەکە گواستیانەوە.

لەوێ گالیسکەیەکی تایبەت، کە شەش ئەسپی بەهێز ڕایان دەکێشا چاوەڕوان بوو. دیار بوو بۆ هەڵگرتنی دارخورمایەکە ئامادە کرابوو. پێچکەکانی گالیسکەکە بەخاوی سووڕان. دارخورمایەکەشی لەسەر بەسترابوو. ئیدی بەرەبەرە پرمە و هەناسەبڕکێی ئەسپەکان لە دوورەوە دەبیسترا. بارەکە قورس بوو. ماوەی نێوان بەندەر و باخی کۆشکی شاهانەش نزیك نەبوو.

دوای ماوەیەك، هەر شەش ئەسپەکە لە پێش دەروازەی کۆشکێکی گەورەدا وەستان. لەوێ ژمارەیەك پاسەوانی بەشمشێر و تفەنگی درێژ چەکدار وەستابوون. ئەوان جلکی هاوشێوەی تایبەت و شەبقەی بەرزی لە کەوڵ چێکراویان پۆشیبوو.

لە باخە گەورەی کۆشکدا، بەنێوان پیادەڕێیەکانیدا، کە ڕێچکەی زۆریان لێ دەبووەوە. ژمارەیەك پیاو لە هەڵگرتنی دارخورمایەکەدا هاریکارییان دەکرد. تاکو گەیاندیانە هۆڵێکی گەورەی لە شووشە چێکراو، کە دیوار و بنمیچی بڵندی هەبوو. لە نێوەندی هۆڵەکەدا چاڵێکی گەورە هەڵکەندرابوو. دارخومایەکە تێ گەیشت، کە ئەم چاڵە ڕەگ و ڕیشەی ئەو دەگرێتە ئامێز. وەها دەرچوو. زۆری نەخایاند، ساکە نایلۆنە گەورەکەی، کە دەوری ڕەگەکانی دابوو، وەلایان نا. ئەمجا هێمن و



بەئاگاییەوە بەرزیان کردەوە، تاکو لە چاڵەکەدا جێگیری بکەن. ئەو خاکەی بەرەگەکانییەوە نووسابوو تێکەڵ بەخاکی چاڵەکە و ئەو خۆڵەش بوو، کە لە هەموو لایەکەوە بەسەریدا ڕۆ دەکرا. تەواوی ڕەگەکانی و بەشێکی کەمی قەدەکەشی داپۆشرا. ئەمجا شوێنەکە نوقمی ئاوێکی سارد بوو. ڕەگەکانی بەخۆشییەوە پێشوازییان لێ کرد. ئاو تا ماوەیەکی زۆر بەردرایە سەری، تاکو ئەو گڵەی وا دەوری ڕەگەکانی دابوو، بووە یەك پارچە قوڕ و تەواوی ڕەگەکان و بەشێکیش لە قەدەکەی گرتە ئامێز. بۆ ئەوەی پتر لە خۆڕاگری ئەو دڵنیا بن، چەند گاشەبەردیان دایە بەر پاینی قەدەکەی و لەسەر چاڵەکە ڕێزیان کردن.

دوای ئەوەی پیاوەکان لە کارەکەیان بوونەوە، بەخۆشی و شادییەوە سەرنجی دارخورمایەکەیان دا و بەهێمنی کشانەوە.


دەمەو نیوەڕۆ بوو کاتێك هۆڵە گەورە شووشەیییەکەیان جێ هێشت. دارخورمایەکە ئاوڕی لە چوار کەناری خۆی دایەوە. ئەو بەتەنیا مابووەوە. ئەو خۆشحاڵ بوو چونکە جارێکی تر قنج بەپێوە وەستابوو. ئەو ماوەیەکی درێژ بەڕاکشاوی لە پشتی پاپۆڕێك شەتەك درابوو. ئیدی لەو بێ هێزی و نیمچە سڕبوونەی، کە ماوەی چەند هەفتەیەك لە قەد و لك و پۆپەکانی ئالابوو ڕزگاری بووبوو. لەگەڵ ئەو شادییەشدا، کە دارخورمایەکە هەستی پێ دەکرد، ئاگای لێ بوو، وا خەمێکی قووڵ خەریکە لە ناخیەوە سەرهەڵدەدا. سەرەتا نەیدەزانی ئەو خەمە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و هۆیەکانی چین. بەڵام دوای ئەوەی شادی و خۆشی هەڵسانەوە و ڕاوەستان تێ پەڕی، ئەوجا پێی زانی، کە ڕەگەکانی بەقووڵی ڕۆ نەچوونەتە نێو زەوی. بگرە ڕەگەکانی لە توانایاندا نییە بەناخی ئەو زەوییەی چواردەوریدا ڕۆ بچن. ئەگەرچی ئەو هەوڵی دەدا ڕەگاژۆ بەنێو خاکدا بچنە خوار.

لە خانووە گەورە شووشەیییەکەیەوە سەیری چواردەوری خۆی کرد. زۆر جۆر گوڵی جوان و ڕەنگینی بینی، کە بەتەرزێکی سەرنجکێش ڕیزبەند کرابوون. بەڵام ئەوەی پتر سەرنجی ئەمی ڕادەکێشا ئەوە بوو، کە تەواوی ئەو گوڵە شەنگ و ڕەنگینانە بێ بۆن بوون. ئەگەرچی ئەو لە ناویاندا (گوڵی جووری)ی دەناسییەوە.

لە دیواری شووشەییی هۆڵەکەوە سەرنجی دەرەوەی دا. درەختی گەورەی دیت. ئەوان لق و پۆی ئەستووریان لێ جودا بووبووەوە و گەڵای پان و پۆڕیشیان هەبوو. سەرنجی ئاسمانی سەر بەهەوری دا. چاوی بۆ رۆژی هاوڕێی گێڕا بەڵام نەیبینی، ئەگەرچی کات نیوەڕۆ بوو. بەتێپەڕینی ڕۆژان باری خەم لەسەری زیاد دەبوو. ئێوارە بەسەردا هات و ماوەیەکی درێژ چاوی لێك نا، لەو ماوەیەدا شەکەتی ئەو چەند هەفتەیەی ڕۆح و جەستەی لە کۆڵ خۆی کردەوە.

سەر لە بەیانیی ڕۆژی داهاتوو، لە دەنگە دەنگی نێو هۆڵە شووشەیییەکە لە خەو ڕابوو. دەستەیەك پیاوی بینی، بەڕیز و هاوئاهەنگ دەڕۆیشتن. ئەوان بەپێڵاوە مل درێژکانیان توند زەوییان دەکوتا. لە





دوایانەوە پیاوێکی تێکسمڕاوی باڵابەرز دەڕۆیی، تاجێکی زێڕی بەدوڕ و گەوهەر ڕازاوەی لەسەر نابوو. لە شانی ئەم پیاوەوە کچۆڵەیەکی قژ زەردی چاوشین دەبینرا. دارخورماکە پێی زانیی کە هەبێ و نەبێ ئەوە کیژیەتی و بەڕوویدا دیاربوو خۆشییەك لە ناخیدا دەگەڕێ، کاتێك ئەمی دارخورمای بەپێوە بینی. کیژەکە بەردەوام بەدەوری ئەمدا دەسووڕا. دواتر بەسەرسامییەوە ئاماژەی بۆ دەکرد و لەگەڵ باوکیدا دەدوا.

چەند هەفتەیەك ڕابورد. هەفتەگەلێکی تریش بەسەرچوون، دارخورمایەکە هێشتا هەر لە جێی خۆیدا ڕاوەستابوو. بەرەبەرە تەنیایی لە ناخیدا جێگیر دەبوو. چونکە چۆلەکە بەسەر لکەکانیەوە نەدەنیشتنەوە،

منداڵان لە پشت قەدە زراڤەکەیەوە خۆیان نەدەشاردەوە. گوێشی لە گۆرانیی ڕاوچییەکان نەدەبوو. چی تر دیمەنی بەلەمەکانیانی لە نێو ئاوی یەکاوی عەرەبی جواندا نەدەبینی. تەنانەت (با)یش، کە جاران گەمەی لە تەك لکەکانیدا دەکرد، یان هەندێ جاران بەگژیدا دەهات و بێزاری دەکرد، ئێستا هەست بەبوونی ناکات. ئەو هەوایەش، کە دەوری داوە سست و بێ سروەیە.

کاتێکیش سەرنجی ئەودیو هۆڵە شووشەییەکەی دەدا پتر ڕۆحی دەگوشرا. ئەو ئاسمانێکی خۆڵەمێشی تەڵخی دەبینی. دیتی بەفر بەچڕی دەبارێ و درەختەکانی باخەکەی داپۆشیوە. بەڕەنگە سپییەکەی هەموو ئەو ڕەنگانەی سڕیوەتەوە، کە ئەم دەیناسین. خەمڕەوێنی ئەم تەنیا ئەو ساتەوەختانە بوو، کە شازادە خاتوونی چکۆڵەی پرچ زەرد دەهاتە سەردانی. هەستی دەکرد، کە ئەو سۆزێکی ڕاستەقینە و خۆشەویستییەکی مەزن و ڕاستگۆیانەی بۆ دەردەبڕێ. دارخورمایەکەیش لە دڵەوە ئەوی خۆش دەویست و هەوڵی دەدا لە ئاستی ئەودا گەش و بەختیار خۆی پیشان بدات.

دوای مانگەکانی زستان، کە درێژەیان کێشا، دوای ئەو هەموو بەفرەی لە زەویدا کەوتبوو، ئیدی لەودیو هۆڵە شووشەییەکەوە بەفر دەستی بەتوانەوە کرد. دارخورمایەکە هەستی کرد، کە بەهار هات و تینی گەرما خەریکە بەناخیدا ڕۆ دەچێ. هەوڵی دا پتر ڕەگەکانی بەناخی زەویدا ڕۆ بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. هەستی کرد، لەمپەرێك لە نێوان ڕەگەکانی خۆی و خاکی دەوروبەریدا هەیە. بیری لە هێشووەکانی کردەوە، کە دەبێ وەك ساڵانی ڕابردوو لەم دەمەدا چرۆ دەربکەن. وەلێ بەلایەوە چاوەڕوان نەکراو، کاتێك دیتی هێشتا سەریان هەڵنەداوە. ئەمەش واتای وایە، کە ئەمساڵ فەریکە خورمایەکەی دوا دەکەوێ. لەپڕێکدا لە ڕاستییەك بەئاگا هاتەوە، کە پێشتر هەر بیریشی لێ نەکردبووەوە. ئەو کاتێك ئاوڕی لە چوار کەناری دایەوە، بەخۆی زانی کە ئەم دارخورمایەکی تاقانەیە، ئەوەتا لە ژوورێکی شووشەییی فراواندا. دارخورمای نێری نەبینی تاکو لێی چاك ببێ، هەوایش لە گۆڕێدا نییە تاکو ئەگەر دەستکەوت لەگەڵ خۆیدا هەڵاڵەی نێری بۆ بهێنێ.

لەگەڵ تێپەڕینی مانگەکانی بەهار و هاویندا، ئەوجا هێشووەکان توانییان زۆر لەسەرخۆ، ڕێك لە کۆتاییی قەدە باڵابەرزەکەیەوە و لە بن لکەکانییەوە سەر دەربێنن. زۆر بەگران و بەسستی لە نێوان هێشووەکانەوە لە شێوەی فەریکە خورمایەکی سیس و پووکاوەدا بەرەکەی دەربکەوێ. جۆرە فەریکە خورمایەك، کە ساڵانی پێشتر بەخۆیەوە نەدیبوو. فەریکە خورمایەکی بێ تام. لێرەوە دارخورمایەکە بەخۆی زانی، کە چی تر بەر ناگرێ و بووەتە درەختی جوانی. ئیتر لێرەدا ئەرکی ئەو و بەخشندەیی ئەو بەگیر دەوەستن و کۆتاییان پێ دێت. چاوەکانی جووتێك فرمێسکیان باراند. لکەکانی بەسەریەکدا نوشتانەوە و بێدەنگییەکی درێژخایەن باڵی بەسەردا کێشا.

# گوڵیش نیشتمانی خۆی هەیە



گوڵە سپییە جوانەکەی (باخی زەورا) شاد و بەختیار بوو. بەچواردەوریدا خوشکە سوور و زەرد و پەمبەکانی ڕاوەستابوون. ئەوان سەرگەرمی قسە و باسی شیرینی نێوان خۆیان بوون. یەکێك لە ئاوپژێنەکانی باخەکە، بەپرژەی خۆی ڕووی تەواوی گوڵەکانی دەوروبەری شۆردبوو. هەروەها پێیەکانیشیانی بەئاوێکی سازگار، کە هیشتا هەر لە لوولەکەوە دەڕۆیشت شۆردبوو.


دەمەو ئێوارە، ″عەلا″ خۆی بەباخەکەدا کرد و چاوی بەگوڵە سپییە جوانەکە کەوت. لەو دەمەدا گوڵەکە شاد و شەنگوڵ لەگەڵ خوشکەکانیدا دەدوا. عەلا لە ناخەوە وتی:

″ بەڕاستی گوڵێکی جوانە. گەرەکە بیچنم و بیگوێزمەوە ناو گوڵدانە شووشەکەی ماڵەوە. دایکم زۆر پێی شاد دەبێ. لەوانەیشە لە پاداشتی ئەم کارەدا خەڵاتێکم پێشکێش بکات.″


عەلاء لە گوڵە سپییە جوانەکە نزیك بووەوە، دەستی بۆ گەردنی درێژ کرد. گوڵەکەش ئازاری پێ گەیشت و بەدەم پاڕانەوەوە هاواری لێ کرد:

″ تکات لێ دەکەم وازم لێ بێنە عەلا. لێم گەڕێ با لەگەڵ خوشکەکانمدا بم. تکایە... ئاخ گەردنم.″





بەڵام عەلا بیری لەلای دیارییەکەی دایکی بوو، کە بەم بۆنەیەوە پێشکێشی دەکات. ئەو دیمەنی گوڵەکەی لە نێو گوڵدانە شووشەییەکەی ماڵەوەدا دەهێنایە بەر چاوی خەیاڵ. بۆیە گوێی بەهاواری گوڵە داماوەکە نەدا. بگرە بەردەوام پاڵەپەستۆی توندی بۆ گەردنی گوڵە سپییەکە دەهێنا. هاوکات گوڵەکە دەگریا و دەپاڕایەوە، تاکو دەستەکانی عەلا پڕبوون لە فرمێسکەکانی.



عەلا گوڵە سپییەکەی لەگەڵ خۆیدا بردەماڵەوە. جا چونکە ماڵیان لە باخەکەوە نزیک نەبوو، ماوەیەکی زۆری خایاند تا گەیشتە جێ. کاتێک سەرنجی گوڵە سپییە نازدارەکەی دا، دیتی ڕەنگی پەڕیوە. گەڵاکانیشی هەروەها سیس بوون و گەردنیشی چەماوەتەوە.

عەلا تووڕە بوو. بەڵام لەسەر ئەوەش سوور بوو، کە بیخاتە ناو گوڵدانە شووشەکەی ماڵی خۆیان. کاتێکیش ئەم کارەی کرد؛ دیتی دیمەنێکی خەمناک و داماوی هەیە. چونکە ڕووی سیسەوەبووی، بەگەردنی گوڵدانەکەدا شۆڕ بووبووەوە. کاتێك دایکی ئەم دیمەنەی بینی؛ لەسەر ئەوەی ئەو گوڵە کڵۆڵەی چنیبوو، زۆر لە عەلا تووڕە بوو. پێی وت:



″(باخچە و سەیرانگەکان نیشتمانی گوڵەکانن. کارێکی ناجۆرە ئێمە گوڵ لە نیشتمانی خۆیان بێ بەش بکەین. ئەوان لەو شوێنانەدا، بەهۆی بۆنی خۆش و دیمەنی ڕازاوەیانەوە، دەتوانن خۆشی و شادی بەهەمووان بدەن.″

عەلا داوای لێبووردنی لە دایکی کرد و وتی:

″قسەکانت ڕاست و لە جێن دایە گیان. جارێکی تر کاری وەها ناکەم.″ ئیدی لەو ساتەوە عەلا گوڵی لە هیچ باخ و سەیرانگەیەك نەچنی.

تەواو



باخی زەورا: ″حدیقە الزوراء″، باخێکی ڕازاوە و فراوانی شاری بەغدایە.

# پیربوونی بەلەمێک

بەلەمە نوێیەکە یەکەم جاری بوو بچێتە نێو دەریاوە. شەپۆلەکان بەشادییەوە پێشوازییان لێی کرد. ئاوەکەش بەسۆز و خۆشەویستییەوە لە ئامێزی گرت. بەلەمەکەیش بەتەمەنی لاویەتیی خۆیەوە دەینازی و سەمای کرد.

لە قووڵاییی دەریادا، پیرە ماسییەك بەدراوسێیەکەی وت: ″سەرنج بدە، بزانە ئەم بەلەمە چەند بەجوانی و هێزی خۆیدا دەنازێ!″

دراوسێیەکەی لە وەڵامدا وتی: ″تەواوی بەلەمە نوێیەکان وەهان.″

بەلەمە نوێیەکە زەردەخەنەی هاتێ، کاتێك گوێی لە تەشەری جووتە ماسییەکە بوو. ئەو بەردەوام، گورج و سانا دەڕۆی و دەریای دەبڕی.



زۆر لە کەناری دەریا دوور کەوتبووەوە، کاتێك با، ژنە دڵڕەقەکەی دەریا؛ بەمێردەکەی وت: ″ئا تۆ نەختێك سەرنجی ئەو بەلەمە لەخۆباییە بدە. هەیدێ، با پێکەوە هەندێ تەشقەڵەی پێ بکەین. وەلێ دەریا قایل نەبوو. ئەو سۆزی بەرامبەر بەلەمە نوێیەکە هەبوو. کەچی بای دڵڕەق یەکتەق لێی دووبارە دەکردەوە″

کاتێك با لە مێردەکەی ئومێدبڕاو بوو، بڕیاری دا خۆی بەتەنیا تەشقەڵەی پێ بکات. بەخێرایی بەرەو ڕووی چوو. وەك شێت دەیگڤاند. بەسەری شۆقێکی گەورەی لە چارۆکە و ستوونی بەلەمەکە دا. بەڵام ئەوان توندوتۆڵ و بەهێز بوون، بۆیە سەری بایەکەیان ئازار دا.

بەمەیش بایەکە زۆر تووڕە بوو. بەگریانەوە لە مێردەکەی پاڕایەوە: ″دیارە تۆ منت خۆش ناوێ. ئەگەر خۆشت ویستبام هەڵبەت بۆ سەرکەوتنی ئەو بەلەمە خۆبەزلزانە هاوکاریت دەکردم″

دەریا بەزەییی بەژنەکەیدا هاتەوە و بڕیاری دا هاوکاریی بکا. ئیدی دەریا شەپۆلە گەورە و بەرزەکانی



بۆ بەلەم نارد. ئەوان بەتوندی و لەسەر یەك خۆیان پێدا دەكێشا. هاوكات بایەكەش بەبێ وەستان شەڕەشۆقی لەگەڵدا دەكرد.

بەلەمەكە شڵەژا. سەری سووڕا و وەك سەرخۆش بەملا و بەولادا دەهات. بەڵام زۆری نەخایاند توانی لەنگەری خۆی ڕابگرێت و سەرەخولێیەكەشی نەما. ئیدی توانی خۆی لە شەپۆلەكانی دەریا و تەوژمی بایەكە بپارێزێ. تاكو ئەوان تەواو ماندووبوون و دەستیان لە ئازاردانی هەڵگرت. ئیدی سانا و ڕەوان بەسەر ئاوەكەوە دەڕۆیی. ئەو بڕوای پتری بەخۆی پەیدا كرد.

بۆ ڕۆژی داهاتوو، بەلەمەكە تەواو دڵشاد بوو. چونكە ئەو ژمارەیەك ماسیی گەورە و گچكەی لە ئامێز گرتبوو. ئەو ماسییانە بەتۆڕی خاوەنەكەیەوە بووبوون و لە ئامێزی ئەمدا هەڵدەبەزینەوە. هەوڵیان دەدا بۆ ناو دەریا بگەڕێنەوە. بەڵام دیواری بەرزی بەلەمەكە نەیدەهێشت ویستی خۆیان بهێننە دی.

هەر جارێك تۆڕەكە لە ئاو دەربهاتایە، ماسییەكانی نێو بەلەمەكەش زۆرتر دەبوون. ئەم دۆخە بووە هۆی ئەوەی تەواو ماندوو ببێ. چونكە تا دەهات باری قورستر دەبوو. سەرەڕای ئەوەش بۆنی ماسییە مردووەكان بێزاری كردبوو، لەوەدا بوو بڕشێتەوە.

ئێواران دەگەڕایەوە كەنار. لەوێ لە تەك ژمارەیەك بەلەمدا ڕیز دەبوو. خاوەنەكەی بەگوریسێكی ئەستوور دەیبەستەوە بەزەوییەوە. ئەم هەوڵی دەدا نەهێڵێ. بەڵام كاتێك بزماری ئاسنینەكە لە زەوی دەچەقی، توند و بێ بەزەییانە ئەمی دەبەستەوە. بۆیە ئەمیش بەردەوام بەسەر ئاوەكەوە دەجووڵا و لە





هەڵێك دەگەڕا خۆی دەرباز بكات. بەڵام هەوڵەكانی بێهوودە بوون.

كاتێك بەخۆی زانی تەختەیەكی درێژ لە نێوان زەوی و سەرپشتی ئەمدا ڕایەڵ كراوە. هەستی بەتەپوكوتی پێی مرۆڤ كرد، بەسەریدا دەهاتن و دەچوون و باری لەشی سووك دەبوو. دیاربوو ئەو ماسییانەیان دەگوێزایەوە، كە ئەمیان ماندوو كردبوو.

بۆ بەیانی خۆی شۆری و جارێكی تر جوان و ڕازاوە دەینواند. ڕۆژی سەرلەبەیانیش دەهاتە فریای و بەمەش خۆی لە پاشماوەی بۆنی ماسیی مردوو و ڕزگار دەكرد. زۆریش خۆشحاڵ بوو كاتێ بەئازادی و شادی بەسەر ئاوەكەوە سەمای دەكرد.

لەگەڵ ڕۆژگاردا، خوێ و تاشەبەردەكانی نێو دەریا جەستەیان دەخوارد. لە یەكێك لە گەشتە سەختەكانید گابەردێكی تیژ توانیی جەستەی كوناودەر بكات. ئیدی ئاوی دەریا هرووژمی كردە ناوی و لەوەدا بوو نوقم ببێ. ئەگەر خاوەنەكەی خێرا ئەو كونەی نەگرتایە ئەوا لە نێو دەریادا نغرۆ دەبوو.

ڕۆژان هاتن و چوون. ئەویش هەموو بەیانییەك دەچووە نێو دەریا و لە كەنار دوور دەكەوتەوە. تاكو ئێواران بەبارێك ماسیی مردووەوە بگەڕێتەوە. وازی لە خۆشۆردن هێنا و بۆنی ناسازی ماسیی مردوو بووبووە بەشێك لە بوونی. كون و درزی زۆریش لە جەستەیدا پەیدا بوون. ڕەنگ و ڕوویشی بزركا، دوای ئەوەی ماوەیەكی درێژ بوو، بۆیە ڕووكەشەكەی، دەستی بەهەڵوەرین كردبوو.

ستوونەکەی دەینالاند و ئازاری هەبوو. ئەو چی تر توانای خۆڕاگرتنی نەمابوو. ئەم دۆخەش ئازاری دەدا. بەلام ئەو هێشتا هەر هەوڵی دەدا دەریا تەی بکات. ئەو ئامادە نەبوو بێ هێزی و خۆبەدەستەوەدان ڕابگەیەنێت.

ڕۆژێك، کاتێکی بەخۆ زانی وا لۆژلۆژ بەرەو کەناری دەریا مل دەنێ. هەرکە پێیەکانی گەیشتنە سەر وشکانی، ئیدی هەستی کرد هێزێك، کە ئەم بەسەرچاوەکەی نەدەزانی، بەسەر لمی کەناردا بەرەو وشکانی ڕای دەکێشێ و لە دەریا دووری دەخاتەوە.



ئیدی لەوێدا خستیانە پشتگوێ. بەلەمەکە چەند بەدەوری خۆیدا ڕوانی، بێجگە لە لمی وشك و سەدەفی مردوو هیچی تری نەبینی. ئێستا ئیتر دەریای لێوە دوورە. پێیە بەساڵاچووەکانی چی تر ناتوانن بیگەیەننەوە دەریا.

لە کاتێکدا ئەو بەخەم و ئازارەوە سەرنجی دەریای دا. دیتی وا ژمارەیەك بەلەمی نوێ، تازەکی خەریکن بچنە نێو دەریاوە. بێجگە لە ڕشتنی دوو دانە فرمێسکی گەرم هیچی تری لە دەست نەهات. ئەمجا ناچار بەلادا هات.

تەواو



# گوڵ و مانگ



بۆچی من ناپەرستی؟ من پادشای شەوم و گەورەی هەموو ئەستێرەکانم. شەوانە سەمات بۆ دەکەم. بۆ ئەوەی تۆ بەختیار بیت و بەئاوابوونی خۆر خەمبار نەبی، لە تەك مندا تەواوی ئەستێرەکانیش دەکەونە سەماوە.

بەڵام گوڵەبەڕۆژە، ئاوڕی لە سەمای مانگ نەدایەوە. بگرە ئەو لە چاوەڕاونیی ژوانی رۆژدا بوو. مانگ بەم هەڵوێستەی گوڵەبەڕۆژە تووڕە بوو. لەگەڵ تەواوی ئەستێراندا بڕیاریان دا بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان و دەرگەکان دابخەن، تاوەکو گوڵەبەڕۆژەکە نوقمی نێو تاریکی بێ.

بەڵام گوڵەبەڕۆژە، کە قینی لە تاریکی بوو، هاوکات لێشی دەترسا، توانی خۆی ئارام ڕابگرێ. نەرمونیان پەڕەکانی خۆی کێشایەوە و بەپەرۆشەوە بەسینگییەوەی نووساندن. ئەو تاکو کازیوە چاوەڕوان بوو. ئەوجا بەشادییەوە پەڕە زێڕینەکانی والاّ کردنەوە و بەدرێژاییی ڕۆژ لەگەڵ رۆژدا سووڕا.

کاتێکیش دیسان ئێوارە داهاتەوە، مانگ هێشتا هەر تووڕە بوو. بیری لای ئەوە بوو تۆڵە لە گوڵەبەڕۆژەی کەللەڕەق بکاتەوە. پیرە ئەستێرەیەك ئاماژەی بەمانگ دا، تاکو پەنا وەبەر با ببات. چونکە تەنیا با دەتوانێ گوڵەبەڕۆژە ناچار بەنوشتاندنەوە بکا.

با ئامادە بوو. مانگ کێشەکەی بۆ ڕوون کردەوە و داوای کۆمەکی لێ کرد. "با"یش بڕیاری دا هاوکاریی مانگ بکات. ئیتر با بەخێرایییەکی زۆرەوە سەرەوخوار بەرەو لای گوڵەبەڕۆژەکە داکشا. ئەو پاڵەپەستۆی دەخستە سەر تاکو لە پێش مانگدا بنوشتێتەوە.



بەڵام گوڵەبەڕۆژە. دوای هەر پاڵ و پاڵەپەستۆیەکی ″با″، دیسان قیت و قنج هەڵدەسایەوە و لەسەر قەدی خۆی، کە توندوتۆڵ چەسپی خاك بوو، بێباکانە دەوەستا. ئەو لەبەر گڤەی توند و بێزارکەری ″با″یەکە گوێیەکانی خۆی ئاخنیبوو.

دوای ماوەیەك ئیتر بایەكە لە شەكەتیدا هەناسەبڕكێی پێ كەوت. مانگیش كاتێك سەرنجی گوڵەبەڕۆژەی دا دیتی ئەو بەبڕوا بەخۆبوونەوە هێشتا هەر قنج ڕاوەستاوە. گاڵتەی بەپلانە سەرنەكەتووەكەی خۆی هات، ئیدی پتر تووڕە بوو، خۆی بەماڵەكەیدا كردەوە.

بۆ سبەی، گوڵەبەڕۆژە بەسەرهاتی شەوی ڕابردووی بۆ ڕۆژی هاوڕێی گێڕایەوە. هەرچی مانگیشە بەتەلەفۆن پێوەندیی بەزەردەواڵەی دۆستییەوە كرد و داوای لێ كرد، كە ئەو دەبێ بۆ كارێكی گرینگ ئامادە بێ.



مانگ بۆ زەردەواڵەی گێڕایەوە، کە گوڵەبەڕۆژە ئامادەییی تێدا نییە بیپەرستێ. ئەمجا داواشی لێ کرد هاوکاریی بکات و تۆڵەی ئەم سەرپێچییەی لێ بسێنێ.

زەردەواڵە ئامادەسازیی خۆی بۆ ئالیکاری پێشان دا. ئەو بۆ خۆشی ڕکی لەو گوڵە هەڵگرتبوو، چونکە لە ئاستی ئەمدا ڕژدیی دەنواند، کەچی بەدەستبڵاوییەوە هاوکاریی هەنگی دەکرد و لە شیلەی خۆی بەشی دەدا.

گوڵەبەڕۆژە هێشتا هەر خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکی با بوو، کاتێ گوێی لە گیز و هووڕی زەردەواڵە بوو ڕووەو لای ئەم دەفڕی. دەستبەجێ تێ گەیشت، کێ ناردوویەتی و خۆیشی بۆ بەرەنگاری ساز دا. زەردەواڵە چەند جارێك بەدەوری گوڵەبەڕۆژەدا سووڕا، ئەمجا لە بان سینەی نیشتەوە. بەر لەوەی شمشێر بکێشێ و بیچەقێنێتە دڵی، ئەو لە هەناوی خۆیەوە شیلەیەکی لینجی دەردا؛ شیلەکە توند پێیەکانی زەردەواڵەی گرت. ئیدی ئەویش دەستی بەگریان کرد.

کاتێك گوڵەبەڕۆژە لەوە دڵنیا بوو، کە ئیدی زەردەواڵە ئەم کارە دووبارە ناکاتەوە، ئازادی کرد. ئەویش کفت و ماندوو کەوتە سەر زەوی.

مانگ بەهەوڵی سەرنەگرتووی زەردەواڵەی لاژگی زانی. ئیتر بەنیازی پێشوازی، دەرگەی لە پێش ئەستێرە داناکانی دەوروبەریدا والا کرد. گوێی بۆ بیروڕایان هەڵخست. ئەستێرەی ″مارس″ بەهێمنی و بەڕێزەوە کێشەکەی یەکلاییی کردەوە و وتی: ″(وەهای بۆ دەچم، کە نهێنیی مل نەدانی ئەم گوڵە لەوەدا بێ، کە ئەوە پێوەندییەکی قووڵی بە ڕۆژەوە هەیە. ئەوان نێوانیان گەرموگوڕە، بۆیە ئەگەر هاتوو لەمپەرێکمان لە نێوان ئەو و ڕۆژدا دانا، ئەوا بەئاسانی ناچار دەبێ ملکەچی ویستی مانگ ببێ.″





مانگ بێ ئارامانە وتی: ″قسەکانت دروستن ئەی مارسی خۆشەویست، بەڵام ئەم لەمپەرەی باست کرد، لە کوێی پەیدا بکەین؟″

مارس بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: ″دەتوانی پەنا بۆ پەڵەهەورێکی ڕەش ببەی.″

دوای ئەوەی هەموو لایەك ماڵەکەیان جێ هێشت، مانگ یەکسەر پەڵەهەورێکی ڕەشی تێری لە بن پێی خۆی ڕاکێشا و بەدرێژی کێشەکەی بەگوێدا چپاند.

بەیانی زوو، پەڵەهەورە ڕەشەکە خێرا و سەرسەختانە لە نێوان رۆژ و گوڵەبەڕۆژەی هاوڕێیدا ڕاوەستا. ڕۆژ تووڕە بوو.

داوای لە هەور کرد دەستبەجێ ئەوێ چۆڵ بکات. بەڵام پەڵەهەورەکە سەرەڕۆ بوو، بەقسەی رۆژی نەکرد.

ئیدی رۆژ گورزە تیشکی بەتینی خۆی ئاراستەی پێستی هەورەکە کرد و لە زۆر شوێنەوە کوناودەری کرد. ئیدی هەور ترسی لێ نیشت و ناچار ما بەپەلە هەڵبێ. لە ڕێدا پارچە پارچە بوو، بەئاسماندا پەرش و بڵاو بووەوە.

جارێکی تر رۆژ دەست لەملانی گوڵەبەڕۆژەی هاوڕێی بووەوە. ئیدی یەکبین و هاوئاهەنگ پێکەوە دەسووڕان. کەچی مانگ تا دەهات گچکەتر دەبووەوە. سەرەتا مانگی پڕ بوو. پاشان بووە نیوە مانگ و ئەمجا لە شەرماندا بزر بوو.

تەواو

